Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.3.1

# گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابییان بە ڕێگای خوێندنەوە، لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Haval Hussein Saeed
haval.saeed@su.edu.krd

RECEIVED :16 /05/2025
ACCEPTED :11/06/ 2025
PUBLISHED :15/06/2026

**هەڤاڵ حسین سعید**/بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
مەعریفە،
کارامەییە مەعریفییەکان،
خوێندنەوە،
کتێبی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی،
مامۆستا

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە باس لە کاریگەریی خوێندنەوە لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابیان لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا دەکات، لە ڕوانگەی مامۆستایانی زمانی کوردییەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی بۆچوونی مامۆستایانی زمانی کوردییە، دەربارەی کاریگەریی خوێندنەوە لە گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابییان، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ستراتیژییەکانی ڕێگای خوێندنەوە و ئەو ئاستەنگیانەی، کە مامۆستایان لە ڕێگای خوێندنەوە لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە دیدی مامۆستایانی زمانی کوردییەوە، وەڵامی ئەوە بزانێت: ئایا خوێندنەوە کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابییان هەیە؟ ستراتیژییەکانی خوێندنەوە و ئەو ئاستەنگییانە چین، کە مامۆستایان لە کاتی خوێندنەوەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە؟ لەئەنجامداندانی ئەم توێژینەوەیەدا ڕێگای وەسفی و شیکردنەوەیی بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەنجامدانی ڕاپرسییەک بە بەشداریکردنی (١١٥) مامۆستای زمانی کوردی قۆناغی بنەڕەتیی. ئەنجامی توێژینەوە دەریخستووە، زۆرینەی مامۆستایان پێیان وایە خوێندنەوەی بابەتەکانی پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کاریگەری بەرچاویان لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابییان هەیە. هەروەها مامۆستایان ستراتیژی جۆراوجۆر بۆ خوێندنەوە بەکاردەهێنن ،باوترینیان (ڕێگای پرسیار و وەڵام، ڕێگای گفتوگۆ و ڕاڤەکردنە)، لە کاتی خوێندنەوەش چەند ئاستەنگییەک ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، باوترینییان (زۆریی ژمارەی قوتابیانە لەناو پۆل).

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

لەسەردەمی ئەمڕۆدا بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن بە خێرایی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و پەرەدەستێنن، لە هەبوونی تەکنەلۆژیا و بچوکبوونەوەی جیهانیش بۆ بەرەنگاربوونەوە و گونجاندن لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا سنوورێک بۆ ئەم گۆڕانکارییانە نەماوە، هەبوونی باشترین سیستەمی پەروەردە، بە هەموو توخمە سەرەکیەکانی وەک (مامۆستا، قوتابی، پرۆگرامی خوێندن، ژینگەی قوتابخانە، دایک و باوکی قوتابی)ەوە ڕەنگە ڕێگا چارەیەکی باش بێت، تا لەم ڕێگایەوە هەوڵبدرێت، هەر لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیاندا مرۆڤ پەروەردەبکرێت، بەتایبەتیش پەروەردەکردن و گەشەپێدانی کارامەیی و توانا مەعریفیەکانیان، چونکە هەبوونی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابییان، دەبێتە هۆی سەرکەوتنی کەسی و پیشەییان، یەکێکیش لە ڕێگاکانی پەروەردەکردن و گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابیان، بریتیە لە ڕێگای خوێندنەوە. خوێندنەوەش وەک کارامەییەکی زمان و پرۆسەیەکی ژیری، پرۆسە ژیرییە جۆراوجۆرەکان لای قوتابیان بەرز دەکاتەوە، کە ئەمانەش کاریگەرییان لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان دەبێت. لە بەر گرنگی و ڕۆڵ و کاریگەریی خوێندنەوە لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان، ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابییان بە ڕێگای خوێندنەوە، لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە) ئەنجامدراوە و تیشک دەخاتە لەسەر دەرخستنی کاریگەریی خوێندنەوە لەسەر بەرزکردنەوەی بەبیرهێنانەوە و سەرنجدان، بیرکردنەوە، تێگەیشتن، ڕێکخستنی زانیاری و تواناکانی چارەسەرکردنی کێشەکان لای قوتابیان، بە سوودوەرگرتن لە پلەبەندکردنی شەش ئاستەکەی (بینجامین بلوم) بۆ دیاریکردنی کارامەییە بنەڕەتیەکانی مەعریفە لە چوارچێوەی بابەتەکانی خوێندنەوەی پەرتووکی کوردیی قۆناغی بنەڕەتی-پۆلی شەشەمدا.

**پلانی توێژینەوە:**

جگە لە پێشەکی و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە، ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم چوارچێووەی تیۆرییە تیایدا چەمکەکانی وەک: مەعریفە، کارامەییە مەعریفیەکان، خوێندنەوە و ڕۆڵی خوێندنەوە لە گەشەپێدانی مەعریفە، تیۆرەکانی پەیوەست بەم بابەتە ڕوونکراونەتەوە. لە بەشی دووەمدا گەشەپێدانی مەعریفە لە قۆناغە بنەڕەتییەکان خراوەتەڕوو، لە بەشی سێیەمیشدا شیکردنەوە بۆ داتاکان کراوە، کە تیایدا لە ڕێگای ڕاپرسییەوە، بۆچوونی مامۆستایانی زمانی کوردی لە بارەی گاریگەریی خوێندنەوە لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابیان لە بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا، ئەو ستراتیژییانەی مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ خوێندنەوە بەکاردەهێنن، لەگەڵ ئەو ئاستەنگییانەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە کاتی خوێندنەوە بابەتەکانی پەرتوکی کوردی، خراونەتەڕوو و شیکردنەوەیان بۆ کراوە، پاشان هەریەک لە ئەنجام و دەرئەنجام و پێشنیاز و سەچاوەکان خراوەتەڕوو.

**کێشەی توێژینەوە:**

لە سیستەمە پەروەردەییە هاوچەرخەکاندا، گەشەپێدانی کارامەییەکان و تواناکانی مەعریفی قوتابییان، وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بەڵگەهێنانەوە، شیکردنەوە و تێگەیشتن، هەڵسەنگاندن و داهێنان بوونەتە ئامانجێکی گرنگ خوێندنەوە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پەروەردەکردنی ئەم کارامەییانەدا، بەتایبەتی لە بابەتەکانی زماندا. لە چوارچێوەی پەروەردەکردنی زمانی کوردیدا، بە تایبەتیش لە قۆناغە بنەڕەتییەکاندا، پرۆگرامەکانی خوێندنی زمانی کوردی ئامرازێکی گونجاوە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئەم کارامەییە مەعریفییانە پەروەردە بکرێن. بەڵام تا ئێستا توێژینەوەی سنووردار هەیە، لە بارەی کاریگەری و ڕۆڵی خوێندنەوە لە چوارچێوەی بابەتەکانی زمانی کوردی لە سەر گەشەکردنی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابییان، بە تایبەت لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ قوتابییان و پرۆگرامەکانی خوێندن هەیە.

**ئامانجانەکانی توێژنەوە:**

1. خستنەڕووی بۆچوونی مامۆستایانی زمانی کوردیی قۆناغی بنەڕەتی، سەبارەت بە کاریگەریی خوێندنەوە لەسەر گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفی قوتابیان.
2. دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئەو ستراتیژانەی، کە مامۆستایان بۆ بەرزکردنەوەی کارامەییە مەعریفییەکان لە ڕێگەی خوێندنەوە بە زمانی کوردی بەکاریدەهێنن.
3. دیاریکردنی ئەو ئاستەنگانەی، کە لە گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابیان لە ڕێگای خوێندنەوە ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبنەوە.

**پرسیاری توێژینەوە:**

1. لە ڕوانگەی مامۆستایانی زمانی کوردییەوە، کاریگەریی خوێندنەوە لە گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابیان لە بابەتەکانی پەرتووکی کوردی لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا چییە؟
2. ئەو ستراتیژیانە چین، کە مامۆستایانی زمانی کوردی لە ڕێگای خوێندنەوە بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابیان لە بابەتەکانی پەرتوکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا بەکاریاندەهێنن؟
3. ئەو ئاستەنگیانە چین، کە مامۆستایان لە گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابیان لە ڕێگای خوێندنەوە لە بابەتی کوردی قۆناغی بنەڕەتی- پۆلی شەشەمدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە؟

**ڕێبازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی سەرجەم داتا و سەرچاوە کۆکراوەکان بەکارهاتووە، هەروەها ڕاپرسییەک لەسەر شێوازی تێکەڵی چەندایەتی و چۆنایەتی لەگەڵ مامۆستایانی زمانی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا ئەنجامدراوە، ڕاپرسییەکە بە شێوەی ئەلیکترۆنی لە ڕێگەی گووگڵ فۆرمەوە بەسەر (١١٥) مامۆستای زمانی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی پارێزگای هەولێر و سلێمانیدا دابەشکراوە، هەڵبژاردنی ئەم مامۆستایانەش لەسەر بنەمای بەردەستبوونی ئەم مامۆستایانە بووە، کە بسپۆری و شارەزاییان لە زمانی کوردی هەیە و زیاتر لە سێ ساڵ لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا وانەی کوردییان گوتۆتەوە.

**سنووری توێژینەوە:**

پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی قۆناغی بنەڕەتی- پۆلی شەشەم، ساڵی ٢٠٢٣، چاپی پازدەیەم، قوتابییانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی تەمەن (١١) ساڵان، مامۆستایانی زمانی کوردی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکان، بەتایبەتی تیشک دەخاتە سەر مامۆستایانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی.

## ١- چوارچێوەی تیۆری

### ١-١- چەمکی مەعریفە:

لە کاتی باسکردنی پرۆسەی ژیرییەکان و ڕەفتاری مرۆڤ، زۆر گرنگە بەدواداچوون بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی چۆنیەتیی بیرکردنەوە و فێربوون و پرۆسێسکردنی زانیاریی لای تاکەکان بکرێت. یەکێک لەو بوارە سەرەکییانەش، کە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لێی تێبگەین، بابەتی مەعریفەیە (Cognitive)، هەم لە ڕووی چەمکەوە، هەمیش لە ڕووی زاراوەوە، وشەی مەعریفە بۆ سەدەکانی پازدەهەم دەگەڕێتەوە، کە لەبەرامبەر بیرکردنەوە و هۆشیاری بەکارهاتووە. ئەم زاراوەیەش لە وشەی لاتینی /کۆنیتیۆ/ cognitio، کە بە واتای (تاقیکردنەوە، فێربوون، یان زانین) دێت، کە لە وشەی /کۆنیۆسکۆ/ cognosco ی لاتینی وەرگیراوە (Subedi,2022.1-2) لە زمانی ئینگلیزی چەمکی مەعریفە پێیدەگوترێت (Cognitive)، کە بە واتای ناسینەوە، هۆشیاری و تێگەیشتن (recognition, awareness, and understanding) دێت (Saguni, 2023:17).

له زمانی کوردیدا توێژەرانی کورد له ڕۆربەی پەرتووک و توێژینەوە زانستیەکانییاندا بەرامبەر بە (Cognitive)، (المعرفة)، وشەی مەعریفەیان بەکارهێناوە، کە ڕوونە لە عەرەبییەوە وەرگیراوە، بۆ نموونە: (غفور طاهر محمد) لە پەرتووکوکی بە ناونیشانی (شێوازی نوێی وانە وتنەوە و هەڵسەنگاندن) چەمکی مەعریفەی بەکارهێناوە (محمد، ٢٠٢٤، ل.٥٦)، ( د.کەریم شەریف قەرەچەتانی) لە پەرتووکی (سایکۆلۆژیای گشتی) وشەی مەعریفەی بەکارهێناوە (قەرەچەتانی،٢٠١٥، ل.٢٠٣)، بەڵام هەر هەمان نووسەر لە پەرتووکی (سایکۆلۆژیای گەشە منداڵ و هەرزەکار) بۆ چەمکی مەعریفە چەمکەکانی ژیری و عەقلی بەکارهێناوە (قەرەچەتانی، ٢٠٠٩، ل.٨٩). (فایەق سەعید) لە پەرتووکی (دیداکتیکی تیۆری لە قۆناغی پێشخوێندنگەوە بۆ زانکۆ) بەهەمان شێوە وشەی مەعریفەی بەکارهێناوە (سەعید٢٠٢٢، ل.١٠٣)، هەروەها وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ چەمکی مەعریفە (کۆگنەیتیڤ)ی ئینگلیزی بەکارهێناوە، بۆ نموونە: لە پەرتووکی سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتیەکان و سیستەمی قوتابخانە ئامادەییەکان لە بەندی سێ ئاماژە بەوە دراوە، کە پەرەبدرێت بە گەشەسەندنی (کۆگنەتیڤانە) (حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٩، ل.٦-٧).

هەرچەندە بەشێک لە توێژەرانی کورد هەوڵیانداوە وشەیەکی کوردی تەواو لە ڕووی واتەوە، بۆ ئەم چەمکە بەکاربهێنن، بۆ نموونە: (هیوا عەساف) لە توێژینەوەکەی لەژێرناونیشانی (مەعریفە و جیهانبینی، پێوەندییان بە زمانەوە)، لەگەڵ ئەوەی لە تەواوی توێژینەوەکەی وشەی مەعریفەی بەکارهێناوە، بەڵام لە لاپەڕە (١٢٤) بۆ چەمکی مەعریفە یەک جار وشەی (پەیبردن)ی بەکارهێناوە، هەرچەندە ئەم چەمکە زیاتر بۆ چەمکی (ادراک) بەکاردێت (عەساف، ٢٠٢٤، ل.١٢٤). لەبەر ئەوەی لە بەشێکی زۆری سەرچاوە کوردییەکان وشەی مەعریفە بەکارهاتووە، وە بۆ زیاتر تێگەیشتنی خوێنەرانی کورد لەم توێژینەوەیە هەمان چەمک بەکاردێت، کە بریتیە لە مەعریفە.

بۆ ئەوەی خوێنەری کورد باشتر لە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تێبگات، گرنگە بە کورتی لەڕووی تێگەیشتنەوە جیاوازی لە نێوان هەریەک لە چەمکەکانی (cognitive )، مەعریفە و (Knowledge) (لإدراک) کۆزانین بکرێت. چەمکی مەعریفە (cognitive )، ئاماژەیەکە بۆ ئەو پرۆسە عەقلیانەی، کە بەشدارن لە بەدەستهێنان و پرۆسێسکردن و بەکارهێنانی زانیاری. کردارەکانی وەک تێگەیشتن، یادەوەری، سەرنجدان، بەڵگەهێنانەوە (ئیستدلالکردن) و چارەسەرکردنی کێشەکان. لە ڕاستیدا کردارەکانی مەعریفە ئەوانەن، کە توانایی و کارامەیی بیرکردنەوە و فێربوون دەبەخشن، لە کاتێکدا چەمکی کۆزانین (Knowledge)، بریتییە لە زانیارییە کۆکراوەکانی تاک، یان تێگەیشتنێک، کە مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموون، پەروەردە، یان فێرکردنەوە بەدەستی هێناوە. بەم تێگەیشتنە ڕوون دەبێتەوە، کە چەمکی مەعریفە فراوانترە و بناغە و سەرچاوەیەکی بنەڕەتی کۆزانینە (الادراک) لای مرۆڤ.

واتە دەتوانرێت کۆزانین (Knowledge) وەک بەرهەمی پرۆسیسەکانی مەعریفی (cognitive ) سەیر بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی مەعریفە بریتیە لە چۆنیەتی  پرۆسیسکردن و بیرکردنەوەکان، لەبەرامبەردا کۆزانین (Knowledge) بریتیە لە وەی، کە چی دەزانرێت. واتە دەکرێت بگوترێت، تا پرۆسیسی مەعریفە ڕوونەدات، قوتابیان کۆزانینیان نابێت (Callaos, 2013: 1-6). کەواتە مەعریفە پرۆسە ژیرییەکانە، کە بەشداری دەکەن لە بەدەستهێنانی زانین و زانست و تێگەیشتن (الفهم). یان مەعریفە ئاماژەیە بۆ کردارەکانی ژیری (عقلی)، یان پرۆسیسی وەرگرتن و بەدەستهێنانە (Subedi, 2022:1-2). لەژێر ڕۆشنایی ئەوانەی خرانەڕوو دەرکەوت، کە مەعریفە پرۆسەیەکی ژیرییە (عقلیە) پەیوەستە بە زانین و فێربوونێکی قووڵ و واتادار بۆ تێگەیشتن، هەنگاوی زانینیش لە پرۆسیسەکانی ژیری، کۆتا هەنگاوە لە هەنگاوەکانی پرۆسیسەکانی هەستکردن، ناسینەوە، بیرکردنەوە و بەڵگەهێنانەوە (ئیستدلال)، تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن.

### ١-٢-  کارامەییە مەعریفیەکان:

هەروەک لەمەوپێش باسکرا، کە مەعریفە کرداری ژیرییە، کە ڕێگا بۆ تاکەکان ئاسان دەکات، تا بتوانن زانست و کۆزانین و زانیاری بەدەستبهێنن و ڕێکییان بخەن. ئەم کردارانە بریتین لە کۆمەڵێک کارامەیی، ئەم کارامەییانە بۆ فێربوون و کارکردنی ڕۆژانە و بونیادنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان پێویستییەکی بنەڕەتین، کە پێیان دەگوترێت کارامەییە مەعریفییەکان، بە شێوەیەکی گشتی کارامەییە مەعریفییەکان بەسەر چەند جۆرێک دابەشدەکرێن، هەریەکەشیان بەشدارن

له چۆنیەتی لێکدانەوە و کارلێککردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەر، بۆ نموونە جۆرەکانی توانایی مەعریفی بریتین لە: سەرنجدان، بیرکردنەوە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بەڵگەهێناوە و لۆژیک، چارەسەرکردنی کێشەکان، بڕیاردان، کارامەیی زمان، نووسینی کاریگەر، تێگەیشتن لە خوێندنەوە، ئاخاوتنی کاریگەر، پرۆسیسی بینراو، پرۆسیسی خێرایی، ئەم تواناییانەش بەرهەمی کۆمەڵێک کارامەیی بنەڕەتی مەعریفەن. بەگشتی دەتوانرێت بگوترێت، کە کارامەییە مەعریفیەکان بریتیین لە کۆمەڵێک پرۆسەی ژیری (عەقلی)، کە بەهۆیانەوە ئەو کۆزانین و زانیارییانەی وەگیراون لە ژینگە و دوروبەر دەگۆڕێت، بۆ زانستێک کە بۆ بەکارهێنان شیاو بێت (Kim et al., 2015: 527-528).
ئەم کارامەییانەش توانا و لێهاتوویی دەدەن، بە تاک بۆ دەستپێکردنی کردارەکانی بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکان، کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەفتارییان دەبێت. کارامەییە مەعریفیەکان زیاتر سەرنجیان لەسەر زانین و توانا ژیریی و هزرییەکانە. ئەو کەسانەش، کە توانایەکی بەهێزی مەعریفەیان هەیە چالاکن، هەست بە بەرپرسیارێتی زیاتر دەکەن، بەرامبەر بە بەدیهێنانی ئامانجەکانییان، هەروەها ئەم کارامەییانە بۆ فێربوون، چارەسەرکردنی کێشەکان، بڕیاردان و گونجاندن لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکان بۆ تاک پێویستن.

بە شێوەیەکی تر کارامەییە مەعریفیەکان بناغەن، کە بیرکردنەوەی مرۆڤ لەسەری بونیاددەنرێت، یان بناغەی تواناکانی فێربوون و کارلێککردنی مرۆڤە لەگەڵ ژینگە. لەبەر ئەوەی کارامەییە مەعریفییەکان کۆمەڵێک پرۆسەی ژیری لەخۆدەگرێت، کە تاک، یان قوتابییان توانای تێگەیشتن و بیرهێنانەوە و بەکارهێنانی زانیاری لە بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان بەکاریاندێنن، کەواتە گەشەپێدانی ئەم کارامەییانە لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا گرنگە، چونکە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە ئەدای ئەکادیمی و پیشەیی و کۆمەڵایەتیدا دەگێڕن (Rakesh et al., 2023: 7 ). لەبەر گرنگیی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابییان، بە تایبەت لە قۆناغەکانی بنەڕەتیدا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لەڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی کوردی قۆناغەکانی بنەڕەتی باس لە ڕۆڵ و کاریگەری خوێندنەوە لەسەر گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفییەکان لای قوتابیان بکات. بۆ خستنەڕووی گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان لە ڕێگای خوێندنەوە لە بابەتی کوردی قۆناغی بنەڕەتیدا، ئەم توێژنەوەیە پشت بە شەش کارامەییە بنەڕەتییەکانی مەعریفی، کە پلەبەند کراوە لە لایەن (بینجامین بلوم)ەوە دەبەستێت.
پلەبەند، یان پۆلێنکردنی (بلوم) چوارچێوەیەکی گشتگیرە بۆ پۆلێنکردن و ڕێکخستنی ئامانج و دەرئەنجامە پەروەردەییەکان بەکاردێت. پۆلێنکردنی (بلوم) لەلایەن دەروونناسی پەروەردەیی (بینجامین بلوم) لە ساڵی (١٩٥٦) پەرەپێدراوە، ئەم هەوڵەش ڕێگایە بۆ پۆلێنکردن و پلەبەندکردنی کارامەییەکانی مەعریفە، کە مامۆستایان و پەروەردەکاران ئامانجیان ئەوەیە لە قوتابییەکانیاندا گەشەی پێبدەن، بەگوێرەی ئەم پۆلێنکردنەش پلەبەندکردنی کارامەییە مەعریفیەکان لە بەبیرهێنانەوەی سادەی ڕاستییەکانەوە دەستپێدەکات، تا پرۆسەی ئاڵۆزتری وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و هەڵسەنگاندن و داهێنان. پۆلێنکردنی (بلوم) (Bloom's Taxonomy) وەک هەرەمێکی پلەبەندی بۆ کارامەییەکانی مەعریفە ئاستی دیارکردووە، کە هەر ئاستێک لەسەر ئاستی پێشوو بنیاد دەنرێت. پێکهاتوون لە شەش ئاست: بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، بەکارهێنان، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن، داهێنان (Ajayi, 2024: 3-4) . ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کاریگەری ڕێگای خوێندنەوە لەسەر گەشەپێدانی ئەم شەش کارامەییە مەعریفیانە لە بابەتی زمانی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا، لە ڕوانگەی بۆچوونی مامۆستایان بخاتەڕوو.

**١-٣- خوێندنەوە**

خوێندنەوە یەکێکە لەو چالاکییانەی، لە جیهاندا زۆرترین سەرنجی توێژینەوەکانی بەدەستهێناوە، لەم ساڵانەی دواییدا دەرکەوتووە، کە دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر گەشەکردنی مەعریفی ئەو کەسانە هەبێت، کە لە ناوەندەکانی خوێندندا سەرمەشقی پەروەردەن. لە ڕێگەی خوێندنەوە، تاکەکان بەشداری پرۆسەیەکی ژیریی ئاڵۆز دەکەن، بۆ وەرگرتنی کۆزانین و زانست و زانیاری، لەبەرئەوە ئەرکە مەعریفەکانی وەک بیرکردنەوە، سەرنج، بەڵگەهێنانەوە،

چارەسەرکردنی کێشە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنانەرانە و تواناکانی تری زمان، هەموویان لە ژێر کاریگەریی کرداری خوێندنەوەدان، لە بابەتەکانی دواتردا ئەم ڕاستییەش بە بەڵگەی زانستییەوە ڕوون دەکرێتەوە. هەروەها پەرەپێدانی کارامەیی خوێندنەوە ئەو زانیارییانەی پێویستن بۆ گەشەپێدانی مەعریفی و دەستکەوتە ئەکادیمییەکان فەراهەم دەکات. گەشەکردنی مەعریفە لای قوتابیان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی ئاماژەیەکە بۆ پێشکەوتنی پرۆسیسەکانی عەقڵ، هەروەک لە بابەتی پێشوو ئاماژەی پێدرا، ئەم پرۆسیسانە بریتین لە کارامەیی مەعریفیەکان. پەیوەندیی نێوان خوێندنەوە و گەشەکردنی مەعریفە پەیوەندییەکی قووڵ و دینامیکییە، کە خوێندنەوە ڕۆڵێکی سەرەکی لە داڕشتنی تواناکانی مێشک بۆ پرۆسیسکردنی زانیاری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و پەرەپێدانی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە جیهان دەگێڕێت. خوێندنەوە یەکێکە لە کارامەییە سەرەکیەکانی زمان، بەهۆیەوە توانای زمان بەرز دەبێتەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنانەرانە پەرەدەسەنێت. خوێندنەوە یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ گەشەکردنی مەعریفە لای منداڵ، بۆ نموونە: پەرە بە تواناکانی وشەسازی و زمان، سەرنج و تەرکیز، زانین و تێگەیشتن، بەڵگەهێنانەوە، بڕیاردان و توانای بیرەوەری دروست دەدات .

بەگشتی خوێندنەوە تێگەیشتنێکی قووڵ و واتادار لەبارەی جیهانەکەیان بۆ منداڵان دابین دەکات، لە ڕێگای خوێندنەوە فەرهەنگی منداڵ تژی دەبێت لە کۆزانین و زانیاری، بەم کردارەش زمانیان پاراو دەبێت و گەشە دەکات، وە منداڵان دەتوانن لە ژیانی ڕۆژانەیان ئەم کۆزانین و زانیارییانە بەکاربهێنن، بۆ ئەوەی واتای ئەوە بزانن، کە دەیبینن و دەیبیستن و دەیخوێننەوە، بێگومان ئەمەش یارمەتی گەشەکردنی مەعریفەیان دەدات (Collier, 2019). بەو پێیەی خوێندنەوە یەکێکە لە کارامەییە سەرەکیەکانی زمان، زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتورییە، مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر و دەربڕینی مەبەستەکانی بەکاریدێنێت (Apriyanto, 2020: 48)، گرنگە تیۆری (لیڤ ڤیگۆتسکی) بخرێتەڕوو، کە تیۆری کۆمەڵایەتیی کولتوریە (Sociocultural Theory)، چونکە ئەم تیۆرە جەخت لەسەر گرنگیی کارلێکی کۆمەڵایەتیی و زمان لە گەشەکردنی مەعریفەدا دەکاتەوە. ئەم تیۆرە لەبارەی زمان و گەشەسەندنی بیرکردنەوە گریمانە دەکات، کە کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان لە گەشەپێدانی مەعریفەدا ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگ دەگێڕن. (لیڤ ڤیگۆتسکی) پێی وایە کارامەییە ژیرییەکان خۆرسک نین، بەڵکو لە ژێر کاریگەری بارودۆخە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکاندان. دەشڵێت ڕۆڵی زمان گرنگە، چونکە وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن و بیرکردنەوە و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کاردەکات، بە بڕوای (لیڤ ڤیگۆتسکی) زمان تەنیا ئامرازێک نییە، بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە لای تاک، بەڵکو بۆ پێکهاتنی پرۆسەی مەعریفی پێویستە. دەشڵێت زمان و بیرکردنەوە و پرۆسە ژیریەکان پەیوەستن بەیەکەوە و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەریەکتر هەیە. جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە گەشەی مەعریفی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە لە ڕێگای کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی تردا ڕوودەدات. یەکێک لە ئامرازە کاریگەرەکانی دروستبوونی ئەم کارلێکە لای مرۆڤ بریتیە لە بەکارهێنانی زمان (Md Yusof, 2021: 7-9).

زمان وەک کارامەیەکی ئاڵۆزی مەعریفی لە چوار کارامەیی لاوەکی پێکدێت: خوێندنەوە، نووسین، گوێگرتن، ئاخاوتن (Hussain, 2015: 2)، پەیرەوکردن و گەشەسەندنی زمان لە ڕێگای پراکتیزەکردنی ئەم چوار کارامەییەوە ئەنجامدەدرێت، بەتایبەتیش خوێندنەوە. هەروەها (ڤیگۆتسکی) پێی وایە لەگەڵ ئەوەی زمان ئامرازێکە بۆ دروستکردنی پەویەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەهەمان شێوەش ئامرازێکی بنەڕەتە بۆ بیرکردنەوە (Md Yusof, 2021: 9). کەواتە بە شێوەیەکی گشتی کاتێک منداڵان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی دەخوێننەوە، بەتایبەت خوێندنەوەیەکی دروست، ئەوا تەنیا گۆکردنی دەنگی هێماکان (پیت) ناکەن، بەڵکو زمان بۆ داڕشتنی بیرکردنەوەکانیان بەکاردەهێنن، تێگەیشتن، چارەسەرکرندنی کێشەکانیان، ڕەخنەگرتن و بڕیاردان لەم جیهانەی تیایدا دەژین، هەموو ئەمانەش کارامەیی مەعریفەن، کە کاریگەرییان لەسەر گەشەپێدانی مەعریفە دەبێت، واتە تا مرۆڤ زیاتر بخوێنێتەوە، مێشک زیاتر خۆی دەگونجێنێت، توانا و کارامەییە مەعریفیەکانیش بەهێزتر دەکات، ئەمەش پەیوەندیی بەهێزی نێوان ئەم دوو توخمە بنەڕەتییەی گەشەکردنی مرۆڤ نیشان دەدات. لەبەرئەوە دەتوانرێت بگوترێت، گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی زمان ڕاستەوخۆ

کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر گەشەپێدانی مەعریفەی قوتابییان، بەتایبەتیش لە قۆناغە بنەڕەتی، دەریشکەوت، کە یەکێک لە کارامەییەکانی زمان بریتیە لە خوێندنەوە، لە ڕێگای خوێندنەوەش دەتوانرێت زمان گەشەی پێبدرێت. کەواتە لەسەر مامۆستا و پەروەردەکاران پێویستە بزانن، کە پەیوەندییەکی بەهێز و دینامیکیی لە نێوان کرداری گەشەکردنی مەعریفە و زمان و خوێندنەوەدا هەیە.

### ١-٤- ڕۆڵی خوێندنەوە لە گەشەپێدانی مەعریفە لای منداڵ

خوێندنەوە، وەک چالاکیەکی ژیری و مەعریفی، یەکێکە لەو کارامەییە بنەڕەتیانەی، کە تاکەکان لە ڕێگەیەوە زانست و زانیاری بەدەستدەهێنن. کرداری خوێندنەوە بریتییە لە ناسینەوە و گۆکردنی هێماکانی (وەک پیت و وشە و ڕستە) و گۆڕینیان بۆ چەمک و بیرۆکەی واتادار و تێگەیشتن. هەروەها خوێندنەوە کردارێکی ئاڵۆزە لەنێوان ئەرکە زمانەوانی و مەعریفەکانی مێشکدا. پرۆسەکە لە تێگەیشتنی بینراوەوە دەستپێدەکات، کە هێما نووسراوەکان لەلایەن سیستەمی پرۆسێسی بینراوی مێشکەوە کۆد دەکرێنەوە. پاشان ئەم زانیارییانە لەگەڵ پاشخانە مەعریفەییەکان هاوتادەکرێن، ئەمەش ڕێگە بە خوێنەر دەدات مانا و کۆنتێکست لە دەقە خوێندراوەکان دەربهێنێت. سەرەڕای ئەوەش، کرداری خوێندنەوە لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک هۆکاردایە، لەوانە زانیاریی پێشوەختە، پاڵنەرەکانی خوێنەر و شێواز و ڕێگاکانی خوێندنەوە، کەرەستەکانی فێرکاری و چالاکیەکانی خوێندنەوە و هەڵسوکەوت و ئەدا و دەنگ و زمانی جەستەی مامۆستا، ڕێژەی بەشداریکردن و حەز و ئارەزووی قوتابییان بۆ بابەتەکە، لە هەمووی گرنگتر ئەو بابەتەی بۆ خوێندنەوە دیاریکراوە لە ڕووی ناوەرۆک و مەبەست و ئامانجەکانی بابەتەکە و لایەنی ڕۆخسار و ڕووکەشی، هەروەها ئەم وێنانەی کە لەم بابەتە بەکارهاتوون. بێگومان ئەم هۆکارانە ڕۆڵێکی گرنگ لە تێگەیشتن لە دەقی خوێندراوە لای قوتابیانی قۆناغەکانی بنەڕەتی دەگێڕن (Wylie et al., 2018).

خوێندنەوەی زۆر لە قۆناغەکانی سەرەتایی توانای مەعریفی بەرزدەکاتەوە، وەک بەبیرهێنانەوە، بەهێزبوونی سەرنجدان و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان. هەروەها مێشک و توانای منداڵ بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە باشتر دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا، خوێندنەوە توانای وشەسازی و فەرهەنگ و زمانی منداڵان دەوڵەمەندتر دەکات. فێری وشەی نوێ و پێکهاتەی ڕستە و ستراتیژی پەیوەندیکردن دەبن، کە کاریگەرییان لەسەر وەرگرتن و دەربڕین و تێگەیشتن دەبێت، هەروەها خوێندنەوە منداڵ بەرەو دنیای خەیاڵ و داهێناندا دەبات، گەشەی سۆزداری و پەویوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرەوپێش دەبات، کەسایەتیی منداڵ و بناغە کولتورییەکان بونیاددەنێت، هەموو ئەمانەش بۆ گەشەپێدانی مەعریفە لای منداڵ گرنگن. بێگومان بەدەستهێنانی ئەم کارامەیی و توانایانە ئامانجەکانی پەروەردی سەردەمن (Toop, 2024).

هەروەک باسکرا، کە خوێندنەوە یەکێکە لە کارامەییەکانی زمان، هەربۆیەش کاریگەریی بەهێزی لەسەر گەشەی زمان دەبێت، زمانیش یەکێکە لە کارامەییە مەعریفیەکان، بەجۆرێک ڕۆڵێکی گاریگەری لەسەر دروستبوونی کولتور و پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان هەیە، بەگوێرەی تیۆرەکەی (لیڤ ڤیگۆتسکی) کولتور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش بۆ گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی کارامەییە مەعریفیەکان لای منداڵ گرنگن. کەواتە دەتوانرێت بگوترێت خوێندنەوە گرنگی و ڕۆڵێکی زۆری لە سەر گەشەکردنی کارامەییە مەعریفەکان لای منداڵ هەیە، بۆ زیاتر خستنەڕووی ڕۆڵ و گرنگیی خوێندنەوە لە گەشەپێدانی مەعریفەی قوتابییان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی، لەم توێژینەوەیە بە نموونە کار لەسەر بابەتی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی دەکرێت، هەروەها بۆچوون و دیدی مامۆستایانی ئەم قۆناغەش لە ڕێگەی ڕاپرسییەک دەخرێتەڕوو.

### ٢. گەشەپێدانی مەعریفە لە قۆناغی بنەڕەتی

گەشەپێدانی مەعریفی بریتییە لە توانای هەستکردن بە بارودۆخی دەوروبەر لە چوارچێوەی لۆژیک و چەمکەکاندا، کە لە ڕێگایانەوە دەتوانرێت ڕاستی و واقیع بدۆزرێتەوە، گەشەکردنی مەعریفەی باش ڕێگە بە تاک دەدات لە بڕیاردان و هەڵسەنگاندن، لێکدانەوە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە وردتر بێت. هەروەها لەنێوان ڕووداوێک و ڕووداوێکی

تردا هەڵسەنگاندن و پەیوەندی و ڕەچاوکردن بکات، بەم کردارانە کەمترین جار هەڵە دەکات، بەمە دەگوترێت لۆژیکی بیرکردنەوە و فێربوون (Saguni, 2023: 17). لە بەشەکانی پێشوودا باس لەوە کرا، کە مەعریفە ئاماژەیەکە بۆ گەشەکردنی توانا و پرۆسە ژیری و فیکرییەکان لای مرۆڤ، بە هەبوونیان ڕێگا بۆ بیرکردنەوە، فێربوون و تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەر ئاسان دەبێت. هەروەها کارامەییە مەعریفیەکانیش پرۆسیسکردنی زانین و زانست و زانیارییە وەرگیراوەکانە، کە بریتین لە بیرهێنانەوە، تێگەیشتن، بەکارهێنان، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن، داهێنان، ئەم پرۆسیسانەش بەشداری لە فێربوون، تێگەیشتن، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بەڵگەهێنانەوە، چارەسەرکردنی کێشەکان لای تاک دەکەن، کە لە تەمەنی کۆرپەییەوە دەستپێدەکات تا تەمەنی گەورەیی بەردەوام دەبێت. تێگەیشتن لە گەشەی مەعریفی و قۆناغەکانی گەشەی مەعریفە پێویستە. (ژان پیاجە) قۆناغەکانی گەشەکردنی مەعریفەی بە سەر چوار قۆناغدا دیاریکردووە، هەر یەکێک لەم قۆناغانەش دەبنە بناغە بۆ قۆناغەکانی دوای خۆیان، کە بریتین لە:

**یەکەم (قۆناغی هەستی – جوولەیی):** ئەم قۆناغە لە کاتی لە دایکبوونەوە دەستپێدەکات تا دوو ساڵان، لەم قۆناغەدا منداڵ بۆ شارەزابوون و ناسینی ژینگە و دەوروبەر و بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی پشت بە هەستەوەرەکان و جووڵەی ئەندامانی لەشی دەبەستێت، کە قۆناغێکی زۆر سەرەتاییە بۆ دامەزراندنی کارلێکەکانی لەگەڵ دەوروبەر. لەبەر نەبوونی ناوەندەکانی چاودێریکردن و پەروەردەکردن و ئامادەکردنی تایبەت بەم تەمەنە لە هەرێمی کوردستان منداڵان زیاتر لە ماڵەوەن.

**دووەم (قۆناغی پێش پرۆسە مەنتیقیەکان):** ئەم قۆناغە لە (٢) ساڵیەوە دەستپێدەکات تا تەمەنی (٧) ساڵان، تیایدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لای منداڵ ڕوودەدات، وەک گەشەکردنی زمان، تێگەیشتن لە وشە و بەکارهێنانی چەمکەکان و دەستکردن بە ئاخاوتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ خودی خۆی و گیانی خۆپەرستی. لە هەرێمی کوردستان منداڵان لەم تەمەنە لە دایەنگە، باخچەی منداڵان و قوتابخانە بەتایبەت پۆلی یەکەمی بنەڕەتین.

**سێیەم (قۆناغی پرۆسە ژیرییە هەستپێکراوەکان):** ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی (٧) تا (١١)، لەم قۆناغەدا گەشەی مەعریفە لای منداڵ گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا دێت، بۆ نموونە: منداڵان دەستدەکەن بە بیرکردنەوەی لۆژیکی، بەڵگەی زانستی بۆ خستنەڕووی ڕاستییەکان دەهێنێتەوە، بە شێوەیەکی لۆژیکی لێکدانەوە بۆ دیاردە سروشتیەکان دەکەن، توانای چارەسەرکردنی کێشەکانییان دەبێت، چونکە لە زۆر گۆشەنیگاوە لە کێشەکان دەڕوانن، ئەوەی زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا منداڵ حەز بە دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، زمان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسانی تر بەکاردەهێنێت، بۆچوونی کەسانی تری لا گرنگ دەبێت و گیانی هاوکاریی لا گەشە دەکات، هەروەها لە توانایدا دەبێت پلەبەندی و پۆلێنی ڕووداوەکانی دەوروبەر بکات، بە شێوەیەکی گشتی منداڵانی ئەم قۆناغە وەک کەسێی پێگەیشتوو بیردەکەنەوە. لە هەرێمی کوردستان منداڵان لەم تەمەنە لە قوتابخانەدا لە پۆلەکانی دوو تا شەشەمی بنەڕەتین.

**چوارەم (قۆناغی پرۆسەی واتادار و ئەبستراکت):** ئەم قۆناغەش لە (١١) ساڵانەوە دەستپێدەکات تا تەمەنی (١٥) ساڵان، تیایدا منداڵان لەم قۆناغە بە تەواوی لە ڕووی ژیری و عەقلیەوە گەشەدەکەن. لە هەرێمی کوردستان منداڵان لەم تەمەنە لە قوتابخانەی بنەڕەتی لە پۆلەکانی (٧)ی بنەڕەتی تا (١٠)ی ئامادەییدا دەخوێنن (قەرەچەتانی، ٢٠٠٩، ل.٨٩).

بۆ ئەوەی لەسەر ڕێچکەیەکی زانستی توێژەر بتوانێت ئەم توێژینەوەیە ئەنجامبدات، سوود لە دیاریکردنی قۆناغەکانی گەشەی مەعریفە لای (ژان پیاجە) دەبینێت، بەتایبەت قۆناغی سێیەم، کە قۆناغی پرۆسە ژیرییە هەستپێکراوەکانە، کە لەنێوان ساڵانی (٧) تا (١١) دەگرێتەوە، لەم قۆناغەدا گەشەی مەعریفە لای منداڵ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک منداڵان توانای بیرکرنەوەی لۆژیکییان دەبێت، دەتوانن کێشەکان چارەسەربکەن، زمان بەکاربهێنن، حەز بە دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، واتە قۆناغی پرۆسە ژیرییە هەستپێکراوەکان قۆناغێکی گونجاوە تا لە ڕێگای خوێندنەوە گەشە بە کارامەییە مەعریفیەکان بدرێت. لەسەر ئەم بنەمایە بە پشتبەستن بەم قۆناغە، توێژەر کەیس و سنووری ئەم توێژینەوەیە دیاری دەکات، کە بریتییە لە گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابیان بە ڕێگای خوێندنەوە لە قۆناغی بنەڕەتی– پۆلی شەشەم، واتە قوتابیانی تەمەن (١١) ساڵان، کۆتا تەمەنی قۆناغی پرۆسە ژیرییە هەستپێکراوەکانە، کە گەشەی مەعریفە لەم تەمەنە لە ترۆپکی گەشەبوونی ئەم قۆناغەدا دایە.

**٢-١- گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابیان بە ڕێگای خوێندنەوە لە بابەتی کوردی-قۆناغی بنەڕەت-پۆلی شەشەمدا:**

لەبابەتی پەیوەندیی نێوان کارامەییە مەعریفیەکان و خوێندنەوە و زماندا، لەمەوپێش بە ڕوونی پەیوەندیی نێوان خوێندنەوە و گەشەپێدانی مەعریفە خرایەڕوو، لە سەر ئەم بنەمایە لە بابەتی ئێستادا باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی خوێندنەوە لەسەر گەشەپێدانی مەعریفە لای قوتابییان لە تەمەنی (١١) ساڵی لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا بە نموونە لە بابەتەکانی خوێندنەوە دەکرێت. بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەران، پرۆگرامی خوێندنی بابەتی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لەژێر ناونیشانی (ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی)، ساڵی (٢٠٢٣) چاپی پازدەیەم، لەلایەن لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان-بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان دانراوە. ئەم پەرتووکە لە دوو بەش پێکدێت، بەشی ڕێزمان، بەشی هۆنراوە و خوێندنەوە. لەم تویژینەوەیەدا بە نموونە کار لەسەر بەشی دووەم، بابەتەکانی خوێندنەوە و هۆنراوە کراوە، بەشی هۆنراوە و خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە پێکهاتووە لە (١٨) بابەتی خوێندنەوە و (٦) بابەتی هۆنراوە، هەریەکێکیش لەم بابەتانە لە ناوڕۆکدا کۆمەڵێک ئامانجی مەعریفی و پەروەردەیی لەخۆدەگرن، کە مامۆستایان لە ڕێگەی خوێندنەوە و ئەنجامدانی چالاکییەکاندا هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدەن (لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٣). منداڵ لە قۆناغی پرۆسە ژیرییە هەستپێکراوەکاندا، کە تەمەنییان لە نێوان (٧) تا (١١) ساڵانە، بەتایبەتیش لە تەمەنی (١١) ساڵان، لەڕووی گەشەی مەعریفییەوە گەیشتۆتە قۆناغێک، کە بە شێوەیەکی لۆژیکی بیردەکاتەوە و هەوڵی بەدەستهێنانی بەڵگەی زانستی و ڕاست دەدات، هەروەها زیاتر حەز بە بونیادنانی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانی دەکات.

لەبابەتەکانی پێشووشدا باس لەوە کرا، کە خوێندنەوە یەکێکە لە هۆکار و ئامرازە کاریگەرەکان، تا لە ڕێگایەوە کارامەییە مەعریفیەکانی وەک: بەبیرهێنانەوە، تێگەیشتن، شیکردنەوە، جێبەجێکردن، هەلسەنگاندن و داهینان، زیاتر گەشەی پێبدرێت، خوێندنەوە وەک کارامەییەکی زمان، زمانیش وەک پرۆسەیەک لە پرۆسیسەکانی ژیری و مەعریفی بۆ وەرگرتنی زانست و زانین و زانیاری لە دەقە خوێندراوەکان یارمەتیدەر دەبێت، گومانی تێدا نییە هەموو ئەو دەقانەی، کە دانراون وەک بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن لەسەر بنەمای تیۆرەکانی دانانی پرۆگرامی خوێندن دانراون، تیایدا ڕەچاوی ئەوە کراوە، کە پێویستە ناوەرۆکی ئەم دەقانە ئامانجە پەروەردەیی و مەعریفیەکانییان تێدا ڕەنگ بداتەوە، بۆ نموونە لە تیۆری گەشەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لای (جۆن گودلاد)، جگە لە ڕەنگدانەوەی بەهاکان و بیروباوەڕ، حەز و ئارازووەکانی قوتابییان، لە ناوەرۆکی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن، سندوقی زانست و زانیاریەکان (Funds of Knowledge)، کە بریتییە لە کۆزانینی بەرهەمەکانی مەعریفە، بنەمایەکی تری زۆر گرنگە بۆ دانانی ناوەرۆکی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن (Beauchamp, 1975: 89-90).

ئەگەر سەرنج بدرێتە پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردی قۆناغی بنەڕەتی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، بەتایبەتی بابەتەکانی خوێندنەوە دەبینرێت چەند دەقێک بۆ خوێندنەوە دانراون، ناوەرۆکی هەر یەک لە دەقاکان لە کۆمەڵێک بابەتی زانستی و پەروەردەیی پێکدێت، کە بەها پەروەدەییەکان و زانستەکانی سەردەمیان تیایدا ڕەنگیانداوەتەوە، فێرکردن و وەرگرتنی ئەم بابەتانە لای منداڵ سوودی بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکیان دەبێت. ئامانجی مامۆستا لەناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بریتییە لە پەروەردەکردنی قوتابییان تا بتوانن بەم ئامانجانە بگەن، بۆ ئەم مەبەستەش مامۆستایان چەندین ڕێگای زانستی و پەروەردەیی لە ناوەندەکانی خوێندن، بە تایبەت لەناو پۆل دەگرنەبەر، یەکێک لەم ڕێگایانە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ڕێگای خوێندنەوەیە لە ناو پۆل. بۆ دەرخستنی ڕۆڵی خوێندنەوە لە گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابیان، بە نموونە بابەتێکی خوێندنەوە لە پەرتووکی ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لەم توێژینەوەیە دەخرێتەڕوو. خوێندنەوەی بابەتی (خەڵاتەکانی نۆبڵ)، وەک هۆکارێک بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی وەک: بەبیرهێنانەوە، تێگەیشتن، بەکارهێنان، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن، داهێنان.

**بەبیرهێنانەوە:** دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە، پێویستە قوتابییان لە بیریان بێت، کە (ئەلفرێد نۆبڵ) کێیە؟ لە ساڵی چەند،

له کوێ له دایک بووه؟ له تەمەنی لاویدا له کوێ ژیاوه؟ یەکەمین خەڵاتی نۆبڵ درا بە کێ؟ هەموو ئەمانەش ببێتە بەهێزبوونی سەرنجی قوتابییان.

**تێگەیشتن:** دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە، پێویستە قوتابییان چەمکەکانی وەک (نیترۆگلیسرین) ڕوون بکەنەوە، وەسفی خەڵاتی نۆبڵ بکەن، لە مەبەست و بیرۆکە گرنگەکانی ئەم بابەتە تێدەگەن.

**بەکارهێنان:** دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە، پێویستە قوتابییان بتوانن سوود لە ناوەڕۆکی ئەم بابەتە وەربگرن و بەکاریبهێنن بۆ هاندان و خۆبەرەوپێشەوەبردن لە ژیانی خوێندن و داهاتوویان، تا بتوانن براوەی خەڵاتەکان بن، ناوەرۆکی ئەم بابەتە وەک بەڵگەی زانستی لە گفتۆگۆی ڕۆژانەدا بەکاربهێنن.

**شیکردنەوە:** دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە، پێویستە قوتابییان توانای شیکردنەوەی ناوەرۆکی بابەتەکەیان هەبێت، لێکدانەوە بۆ ئەم هەڵوێستەی ئەلفرێد نۆبڵ بکەن بە بەخشینی سامانەکەی بۆ پێنج خەڵات، توانای بەراوردکردنیان هەبێت لەنێوان کاری باش و خراپ، بتوانن بوارەکان پۆلێنبکەن.

**هەڵسەنگاندن:** دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە، پێویستە قوتابییان بتوانن بڕیار لەسەر کارەکانی (ئەلفرێد نۆبڵ) بدەن، یان ڕەخنەبگرن، لەسەر بنەماکانی پێدانی خەڵاتی نۆبڵ بەڵگەی زانستی بهێننەوە، بتوانن پێشبینی بکەن، کە لە داهاتوودا کام کەسایەتی کورد دەبێتە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ.

**داهێنان:** دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە، پێویستە قوتابییان بتوانن بە ئیلهام وەرگرتن لە (ئەلفرێد نۆبڵ) بیرۆکەی نوێ بونیادبنێن، پلان دابنێن بۆ ئەوەی لەم بوارەی زیرەک و لێهاتوون داهێنان بکەن، تا لە ڕێگەیەوە بتوانن خەڵاتەکان بەدەستبهێنن، خەیاڵ بکەن و بە هیواوە هەوڵی داهێنان و دروستکردن بدەن (لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٣، ل.٦١-٦٢). کەواتە دەبێت خوێندنەوە هۆکارێک بێت، لە گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابییان، هەروەک لە ڕێگەی خستنەڕووی نموونەی بابەتی خوێندنەوە دەربارەی (خەڵاتی نۆبڵ) خرایەڕوو، کە دەکرێت لە ڕێگای خوێندنەوە بیرەوەری قوتابیان گەشە بکات، بەجۆرێک ژیانی (ئەلفرێد نۆبڵ) و خەڵاتی نۆبڵیان لەبیربێت. هەروەها لەڕێگای فێربوونی چەمکە ئاڵۆزەکانی وەک نایترۆگلیسیرین، مرۆڤایەتی، ئاشتی مەودای تێگەیشتن و بیرکردنەوەکانیان فرانتر و قوڵتر بێت. جگە لەوەش هانی قوتابییان بدات، کە زانست و زانیارییەکان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بۆ دیاریکردنی ئامانجە ئەکادیمی و پیشەیەکانییاندا بەکاربهێنن. هەروەها خوێندنەوەی ئەم بابەتە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەرەوپێش ببات، لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە، بتوانن وەک بەڵگەی زانستی ئەم بابەتە بەکاربهێنن، یارمەتی قوتابییان بدات، بۆچوونی خۆیان هەبێت. هەروەها خوێندنەوەی ئەم بابەتە هانی قوتابییان بدات، بە شێوەیەکی داهێنەرانە بیر لە تواناکانی خۆیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی کاریگەریی ئەرێنی دروستبکەن و سەرکەوتن بەدەستبهێنن، هەروەها لەلایەکی ترەوە خوێندنەوەی ئەم بابەتە وشە و زاراوەی نوێ فێری قوتابییان بکات، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەی زمان دەبێت، هەموو ئەمانەش هۆکار دەبن بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابییان.

بەشێوەیەکی گشتی لە ئەگەری خوێندنەوەی ئەم بابەتە و بابەتەکانی تری ئەم پەرتووکە بە ڕێگایەکی دروست و زانستی و پەروەردەیی، بە ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی چالاکییەکانی تایبەت بە ڕێگای خوێندنەوە و بەکارهێنانی کەرەستە و یارییە فێرکارییەکان و تەکنیک و هونەر و تەکنەلۆژیاکانی سەردەم و گفتوگۆکردنی کاریگەر لەلایەن مامۆستایانەوە، هەبوونی ژینگەیەکی لەبار لە ناو پۆلدا، ئەوا خوێندنەوەی ناوەرۆکی ئەم بابەتانە دەبێتە هۆکارێکی گرنگ بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابییان، بە جۆرێک ئامادەیان دەکات بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە، داهێنان و بڕیاردان و توانای چارەسەرکردنی کێشەکان. بۆ خستنەڕووی ئەگەری کاریگەریی خوێندنەوەی بابەتەکانی تری خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابییان، وەڵامی مامۆستایانی بەشداربوو لە ڕاپرسییەکە شیدەکرێتەوە.

### ٣. شیکردنەوەی داتاکان:

لەم بەشەی ئەم توێژینەوەیەدا داتاکانی ڕاپرسیی (کاریگەری خوێندنەوە لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابیان، لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە)، خراوەتەڕوو. ئەم ڕاپرسییە ئامانجی کۆکردنەوەی بۆچوونی مامۆستایانی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بابەتی کوردی بووە، دەربارەی کاریگەریی خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوەی ئەم کتێبە لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکان لای قوتابییان، ئەو ستراتیژییەتانەی، کە مامۆستایان بۆ خوێندنەوە بەکاریدەهێنن، هەروەها ئەو ئاستەنگیانەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە کاتی خوێندنەوە. لەم ڕاپرسییەدا (١١٥) مامۆستای بابەتی زمانی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، لە قوتابخانە جیاجیاکانی سنووری پارێزگای هەولێر و سلێمانی بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەشدارییان کرد و بۆچوونی خۆیان لەسەر هەشت پرسیار دەربڕیوە. هەڵبژاردنی ئەم مامۆستایانەش لەسەر بنەمای بەردەستبوونی ئەم مامۆستایانە بووە، کە شارەزایی و بسپۆڕییان زمانی کوردی بووە، هەروەها زیاتر لە سێ ساڵ لە گوتنەوەی بابەتەکانی خویندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی شارازاییان هەبووە.

بە پشتبەستن بە پلەبەندکردنی ئاستەکانی کارامەییەکانی مەعریفە لای (بینجامین بلوم)، (شەش) پرسیار لەسەر شەش ئاستەکەی مەعریفە ئاڕاستەی مامۆستایان کراوە، ئەو پرسیارانەش بریتی بوون لە (دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، ئایا قوتابی ناوەڕۆکی بابەتەکانییان: لەبیرە؟ لێی تێگەیشتوون؟ توانای بەکارهێنانیان هەیە؟ توانای شیکردنەوەیان هەیە؟ توانای هەڵسەنگاندنیان هەیە؟ توانای داهێنان و دروستکردنیان هەیە؟ بژاردەکانی وەڵامدانەوە بریتی بوون لە (تا ڕادەیەکی زۆر، مامناوەند، تا ڕادەیەکی کەم، بە هیچ شێوەیەک). ئەم پرسیارانەش بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان، دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لای قوتابییان بووە لە ڕوانگە و بۆچوونی مامۆستایانەوە.

هەروەها دوو پرسیاری دیکەش کراوە، یەکێکیان لەبارەی ئەو ستراتیژییانەی، کە مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ خوێندنەوە بەکاریدەهێنن چین؟ مامۆستایان وەڵامەکانی وەک ڕێگاکان، شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پۆل و کەرستە و چالاکییەکانی فێرکاری و هی تریان هەڵبژاردووە. هەروەها پرسیارەکەی تریشییان بریتی بووە لە: ئەو ئاستەنگیانە چین، کە ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبنەوە لە گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابیان لە ڕێگای خوێندنەوە؟ مامۆستایان وەڵامەکانی وەک: نەبوونی چالاکیی و کەرەستە و یارییە فێرکارییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی، زۆریی ژمارەی قوتابییان لەناو پۆل. قوتابی حەز بە ناوەڕۆکی بابەتەکان ناکات، کەمی کاتی وانەکان، چەندین هۆکاری تریان هەلبژاردووە. پرسیارەکانیش لەلایەن کەسانی شارەزا پشتڕاستکراونەتەوە و چەسپێندراون. بێگومان وەڵامی مامۆستایانی بەشداربوو بۆ باشتر تێگەیشتن لە تێڕوانینەکانیان دەربارەی کاریگەریی خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوەی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی لەسەر گەشەپێدانی ئەو کارامەییە مەعریفیانە لای قوتابیان یارمەتیدەر دەبێت. داتای ڕاپرسییەکە لەم بەشەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو و شیکاری بۆ کراوە:

١. بەبیرهێنانەوە

دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی (بەشی خوێندنەوەی پەرتووکی کوردی) پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، ئایا قوتابی ناوەڕۆکی بابەتەکانی لەبیرە؟ بۆ نموونە: (پێناسەکردن، بیرهێنانەوەی ناوەکان، دۆزینەوەی شوێنەکان و ساڵەکان)

لە (30.8%)ی مامۆستایان بە خەمڵاندنی تا ڕادەیەکی زۆر، لە (47.7%)ی مامۆستایان بە خەمڵاندنی مامناوەند، هەروەها لە (20.6%)ی مامۆستایان بەخەمڵاندنی تا ڕادەیەکی کەم، پێیان وایە، کە دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کارامەیی مەعریفی (بەبیرهێنانەوە) لای قوتابییان گەشەی کردووە. بە گشتی (99.1%)ی مامۆستایانی زمانی کوردی، وەڵامی ئەرێنییان داوەتەوە بە بژاردە جیاوازە خەمڵێنراوەکانی وەک (تا ڕادەیەکی زۆر، مامناوەند، تا ڕادەیەکی کەم)، کە خوێندنەوەی بابەتەکانی کوردی، کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی کارامەیی (بەبیرهێنانەوە) لای قوتابیان هەیە. واتە بەم خەمڵاندنە ئەرێنیە جیاوازانە قوتابییان دەتوانن پێناسەی چەمکەکان بکەن، ناو، شوێن و ساڵ، کە لە ناو بابەتە خوێنراوەکاندا هاتووە، لە بیر بێت و بزانن و بیانناسنەوە.

لە بەرامبەردا تەنها (09%) مامۆستایان بۆچوونیان وایە دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، بە هیچ شێوەیەک کارامەیی مەعریفی (بەبیرهێنانەوە) لای قوتابیان گەشەی نەکردووە. واتە قوتابیان ناتوانن پێناسەی چەمکەکان بکەن، ناو، شوێن و ساڵەکانیان لە بیربێت، کە خوێندوویانە.
لە کۆتاییدا، ئەو داتایانە نیشانیدەدەن، کە زۆرینەی مامۆستایانی زمانی کوردیی بەشداربووی ڕاپرسییەکە پێیان وایە خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا، ڕۆڵێکی گەورە لە گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفی قوتابیاندا دەگێڕێت، بەتایبەتی کارامەیی مەعریفی بەبیرهێنانەوە، بەجۆرێک (99.1%)ی مامۆستایان وەڵامی ئەرێنییان پێشکەش کرد و تیشکیان خستەسەر گرنگی خوێندنەوە بە زمانی کوردی وەک ئامرازێکی بەنرخ بۆ بەرزکردنەوەی توانای مەعریفی قوتابیان، بەتایبەتی لەڕووی بیرهێنانەوە و ناسینەوەی چەمکە سەرەکییەکانی وەک ناو، شوێن و بەروار. ئەمەش دەرخەری ئەو ڕۆڵە کاریگەرییە، کە خوێندنەوەی بابەتەکانی زمانی کوردی لە پەروەردەکردنی گەشەی مەعریفی لە نێو قوتابیاندا دەیگێڕێت.

٢. تێگەیشتن

دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی (بەشی خوێندنەوەی پەرتووکی کوردی) پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، ئایا قوتابی لە ناوەرۆکی بابەتەکان تێگەیشتتووە؟ بۆ نموونە: (وەسفکردن، ڕوونکردنەوە، تێگەیشتن لە چەمکەکان، لە مەبەست و بیرۆکە گرنگەکان)
لە (36.4%)ی مامۆستایان بە خەملاندنی تا ڕادەیەکی زۆر، لە (40.2%)ی مامۆستایان بە خەملاندنی مامناوەند، هەروەها لە (22.4%)ی مامۆستایان بە خەملاندنی تا ڕادەیەکی کەم پێیان وایە، دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کارامەیی مەعریفی (تێگەیشتن) لای قوتابییان گەشەی کردووە. بە گشتی (99.0%)ی مامۆستایانی زمانی کوردی، وەڵامی ئەرێنییان داوەتەوە بە بژاردە جیاوازە خەمڵێنراوەکانی وەک (تا ڕادەیەکی زۆر، مامناوەند، تا ڕادەیەکی کەم)، کە خوێندنەوەی بابەتەکانی کوردی کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی کارامەیی (تێگەیشتن) لای قوتابییان هەیە. واتە بە بۆچوونی زۆربەی مامۆستایان قوتابییان بەم خەملاندنە ئەرێنییە جیاوازانە لە چەمک و مەبەست و بیرۆکە گرنگەکانی ناو بابەتەکان تێدەگەن، دەتوانن ناوەڕۆک و بیرۆکەی سەرەکیی بابەتەکان ڕوونبکەنەوە و شیکارییبکەن، هەروەها توانای دەربڕین و کورتکردنەوەی بابەتەکان و نووسینی ڕاپۆرت و مەزەندەکردنیان دەبێت.
لە بەرامبەردا (09%)ی مامۆستایان بۆچوونیان وایە دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، بە هیچ شێوەیەک کارامەیی مەعریفی (تێگەیشتن) لای قوتابییان گەشەی نەکردووە. واتە قوتابیان بە هیچ شێوەیەک ناتوانن ناوەڕۆک و بیرۆکەی سەرەکی بابەتەکان ڕوونبکەنەوە و شیکارییبکەن، هەروەها توانای کورتکردنەوەی بابەتەکان و نووسینی ڕاپۆرت و خەمڵاندنیانیشیان نابێت.
لە کۆتاییدا، ئەم داتایانە نیشانیدەدەن، کە زۆربەی مامۆستایانی زمانی کوردی پێیان وایە خوێندنەوەی بابەتەکانی کوردی ڕۆڵێکی گاریگەری لە گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفی قوتابیان هەیە، بەتایبەتی کارامەیی تێگەیشتن، بەجۆرێک (99.0%)ی مامۆستایان وەڵامی ئەرێنییان پێشکەشکرد، تیشکیان خستەسەر گرنگیی خوێندنەوە بە زمانی کوردی وەک ئامرازێکی بەنرخ بۆ بەرزکردنەوەی توانای مەعریفی قوتابیان، بەتایبەتی لە ڕووی کارامەیی مەعریفی (تێگەیشتن)، کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تواناکانی وەک تێگەیشتن، دەربڕین، ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ناوەڕۆک، ئامانج و بیرۆکە سەرەکییەکان لای قوتابیان، هەموو ئەمانەش لە دەرئەنجامدا ڕۆڵی کاریگەری کرداری خوێندنەوەی زمانی کوردی لە پەروەردەکردنی گەشەسەندنی مەعریفیدا دەخاتەڕوو.
٣. بەکارهێنان

دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی (بەشی خوێندنەوەی پەرتووکی کوردی) پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، ئایا قوتابی توانای هەیە، ناوەرۆکی بابەتەکان بە کرداری جێبەجێبکات (بەکاربهێنێت)؟ بۆ نموونە (بەکارهێنانی زانیاری و زانستەکانی

بابەتەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا).
لە (23.4%)ی مامۆستایان بە خەملاندنی تا ڕادەیەکی زۆر، لە (39.3%)ی مامۆستایان بە خەملاندنی مامناوەند، هەروەها لە (31.8%)ی مامۆستایان بە خەملاندنی تا ڕادەیەکی کەم پێیان وایە، کە دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کارامەیی مەعریفی (بەکارهێنان) لای قوتابییان گەشەی کردووە. بە گشتی (94.5%)ی مامۆستایانی زمانی کوردی وەڵامی ئەرێنییان داوەتەوە بە بژاردە جیاوازە خەملێنراوەکانی وەک (تا ڕادەیەکی زۆر، مامناوەند، تا ڕادەیەکی کەم)، کە خوێندنەوەی بابەتەکانی کوردی کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی کارامەیی (بەکارهێنان) لای قوتابییان هەیە. واتە بە بۆچوونی زۆربەی مامۆستایان قوتابییان بەم خەملانە ئەرێنیە جیاوازانە لە توانایاندایە زانست و زانیارییەکانی ناو بابەتەکان بۆ دیاریکردن و چارەسەکردنی کێشەکان بەکاربهێنن ، هەروەها لە توانایاندا دەبێت بابەتەکان بۆ خۆبەرەوپێشەوەبردن بەکاربهێنن.
لە بەرامبەردا (5.6%)ی مامۆستایانی بەشدار لە ڕاپرسییەکەدا بۆچوونیان وایە دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، بە هیچ شێوەیەک کارامەیی مەعریفی (بەکارهێنان) لای قوتابییان گەشەی نەکردووە. واتە قوتابیان ناتوانن زانست و زانیارییەکان بەکاربهێنن بۆ دیاریکردن و چارەسەکردنی کێشەکان، هەروەها ناتوانن بابەتەکان بەکاربهێنن بۆیە پێش ناکەون.
لە کۆتاییدا، داتاکان ئاماژە بەوە دەکەن، بەشێکی زۆری مامۆستایانی زمانی کوردی بەشداربووی ڕاپرسییەکە پێیان وایە خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، ڕۆڵێکی گاریگەری لە گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفی قوتابیان هەیە، بەتایبەتی کارامەیی بەکارهێنان و جێبەجێکردن، بەجۆرێک (94.5%)ی مامۆستایان وەڵامی ئەرێنییان پێشکەشکرد، تیشکیان خستەسەر گرنگیی خوێندنەوە بە زمانی کوردی وەک ئامرازێکی بەنرخ بۆ بەرزکردنەوەی توانای مەعریفیی قوتابیان، بەتایبەتی لەڕووی بەکارهێنان و جێبەجێکردن، ئامادەکردن و دیاریکردنی زانیارییەکان لە چارەسەکردنی کێشەکان. ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو، خوێندنەوەی بابەتەکانی زمانی کوردی ڕۆڵێکی دیار لە پەروەردەکردنی گەشەی مەعریفی لە نێو قوتابیاندا دەبینێت.
٤. شیکردنەوە
دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی (بەشی خوێندنەوەی پەرتووکی کوردی) پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، ئایا قوتابی توانای شیکردنەوەی ناوەرۆکی بابەتەکانی هەیە؟ بۆ نموونە: (لێکدانەوە و شیکردنەوەی بابەتەکان، پۆلێنکردن، بەراوردکردن، جیاوازیکردن، ڕەخنەگرتن).
لە (23.4%)ی مامۆستایان بە خەملاندنی تا ڕادەیەکی زۆر، لە (51.4%)ی مامۆستایان بە خەملاندنی مامناوەند، هەروەها لە (20.6%)ی مامۆستایان بە خەملاندنی تا ڕادەیەکی کەم پێیان وایە، کە دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کارامەیی مەعریفی (شیکردنەوە) لای قوتابییان گەشەیکردووە. بە گشتی (95.4%)ی مامۆستایانی زمانی کوردی وەڵامی ئەرێنییان داوەتەوە بە بژاردە جیاوازە خەملێنراوەکانی وەک (تا ڕادەیەکی زۆر، مامناوەند، تا ڕادەیەکی کەم)، کە خوێندنەوەی بابەتەکانی پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کاریگەری لەسەر گەشەکردنی کارامەیی (شیکردنەوە) لای قوتابییان هەیە. واتە بە بۆچوونی زۆربەی مامۆستایان قوتابییان بەم خەملاندنە ئەرێنیە جیاوازانە قوتابییان دەتوانن لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ بابەتەکان بکەن، توانای پۆلێنکردن، بەراوردکردن، جیاوازیکردن، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان دەبێت.
لە بەرامبەردا (4.7%)ی مامۆستایان بۆچوونیان وایە دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی (بەشی خوێندنەوە)ی پەۆتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، بە هیچ شێوەیەک کارامەیی مەعریفی (شیکردنەوە) لای قوتابییان گەشەینەکردووە. واتە قوتابییان ناتوانن لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ بابەتەکان بکەن، توانای پۆلێنکردن، بەراوردکردن، جیاوازیکردن، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان نابێت.
لە کۆتاییدا، داتاکان نیشانیدەدەن، کە زۆربەی مامۆستایانی زمانی کوردی پێیان وایە خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، بەشدارە لە گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفی قوتابیان، بەتایبەتی لە

کارامەیی (شیکردنەوە)، بەجۆرێک (95.4%)ی مامۆستایان وەڵامی ئەرێنییان پێشکەشکردووە، ئاماژەیان داوە گرنگی خوێندنەوە بە زمانی کوردیی هۆکارێکی کاریگەرە بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابییان، بەتایبەتی لەڕووی لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ بابەتەکان، پۆلێنکردن، بەراوردکردن، جیاوازیکردن، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو، خوێندنەوەی بابەتەکانی زمانی کوردی ڕۆڵێکی دیار لە پەروەردەکردنی گەشەی مەعریفی و تواناکانی قوتابیان دەگێڕێت.

٥. هەڵسەنگاندن

دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی (بەشی خوێندنەوەی پەرتووکی کوردی) پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، ئایا قوتابی توانای هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی بابەتەکانی هەیە؟ بۆ نموونە (بڕیاردان، ڕەخنەگرتن، گۆڕانکاریکردن، هەڵبژاردن، پێشبینیکردن). لە (20.6%)ی مامۆستایان بە خەملاندنی تا ڕادەیەکی زۆر، لە (49.5%)ی مامۆستایان بەخەملاندنی مامناوەند، هەروەها (19.6%)ی مامۆستایان بە خەملاندنی تا ڕادەیەکی کەم، پێیان وایە، کە دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کارامەیی مەعریفی (هەڵسەنگاندن) لای قوتابییان گەشەیکردووە. بە گشتی (89.7%) مامۆستایانی زمانی کوردی وەڵامی ئەرێنییان داوەتەوە بە بژاردە جیاوازە خەملێنراوەکانی وەک (تا ڕادەیەکی زۆر، مامناوەند، تا ڕادەیەکی کەم)، کە خوێندنەوەی بابەتەکانی پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی کارامەیی (هەڵسەنگاندن) لای قوتابییان هەیە. واتە بە بۆچوونی زۆربەی مامۆستایان بەم خەملاندنە ئەرێنییە جیاوازانە قوتابییان پرۆسیسکردن و تواناکانی وەک بڕیاردان ڕەخنەگرتن، گۆڕانکاریکردن، هەڵبژاردن، ڕێکخستن، کۆکردنەوە، بنیادنان و دروستکردن، داڕشتن، پەرەپێدان، بەڕێوەبردن، پلاندانان، ئامادەکردن، پێشنیارکردن، دامەزراندنییان بەرزدەبێتەوە.

لە بەرامبەردا (10.3%)ی مامۆستایانی زمانی کوردی پێیان وایە خوێندنەوەی ئەم بابەتانە بە هیچ شێوەیەک کاریگەری لەسەر گەشەکردنی کارامەیی مەعریفی (هەڵسەنگاندن) لای قوتابیان نەبووە. واتە ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی پییان وایە، کە کارامەیی مەعریفی (هەڵسەنگاند) لە ڕێگای خوێندنەوەی بابەتەکانی کوردی (بە هیچ شیوەیەک) گەشەینەکردووە، لەچاو بۆچوونەکانی پێشوویان لەبارەی خەملاندنی (بە هیچ شێوەیەک) بەرز بۆ تەوە. لەم توێژینەوەیەدا لە بابەتەکانی پێشوو ئەوە خرایەڕوو، کە کارامەیی مەعریفی هەڵسەنگاندن لە پلەبەندکردنی (بلوم) دەکەوێتە ئاستی پێنجەم، لای (بینجامین بلوم) ئەم کارامەییە یەکێکە لە ئاستە باڵاکان، لەبەرئەوە ئاسایی دەبێت، ئەگەر ڕێژەیەکی زۆر لە مامۆستایان بۆچوونیان بەم شیوەیە بێت.

لە کۆتاییدا، داتاکان نیشانیدەدەن، کە زۆرینەی مامۆستایانی زمانی کوردی پێیان وایە خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی کاریگەریی لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابیان هەیە، بەتایبەتی کارامەیی مەعریفی (هەڵسەنگاندن) بەجۆرێک (89.7%)ی مامۆستایان وەڵامی ئەرێنییان پێشکەشکردووە، تیشکیان خستۆتە سەر گرنگیی ڕۆڵیی خوێندنەوە بە زمانی کوردی بۆ بەرزکردنەوەی توانای مەعریفیی قوتابیان، بەتایبەتی لە ڕووی پرۆسیسکردن و لێهاتووییەکانی وەک: بڕیاردان، ڕەخنەگرتن، گۆڕانکاریکردن، هەڵبژاردن، ڕێکخستن، کۆکردنەوە، بنیادنان، داڕشتن، پەرەپێدان، بەڕێوەبردن، پلاندانان، ئامادەکردن و پێشنیازکردن. هەرچەندە ڕێژەیەکی کەم، (10.4%)ی مامۆستایان پێیان، وایە خوێندنەوەی بابەتە کوردییەکان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر گەشەپێدانی ئەم کارامەییە (هەڵسەنگاندن) نەبووە. بەڵام بەگشتی داتاکان دەریانخست، کە زۆربەی مامۆستایانی بەشدار لە ڕاپرسییەکەدا ڕۆڵی بەرچاوی خوێندنەوە لە پەروەردەکردن و گەشەپێدانی توانا مەعریفیەکاندا دەناسێن، هەروەها پێیان وایە خوێندنەوەی بابەتەکانی زمانی کوردی ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە پێشخستنی گەشەپێدانی مەعریفی لە نێوان قوتابیاندا.

٦. داهێنان

دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی (بەشی خوێندنەوەی پەرتووکی کوردی) پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، ئایا قوتابی توانای داهێنان و دروستکردنی هەیە؟ بۆ نموونە (بەکارهێنانی ئەوەی فێری بووە بۆ دروستکردنی بیرۆکەی نوێ، خەیاڵکردن، پلاندانان، داهێنان).

له (13.1%)ی مامۆستایان به خەملاندنی تا ڕادەیەکی زۆر، له (41.1%)ی مامۆستایان به خەملاندنی مامناوەند، هەروەها له (29.9%)ی مامۆستایان به خەملاندنی تا ڕادەیەکی کەم پێیان وایە، کە دوای خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، کارامەیی مەعریفی (داهێنان) لای قوتابیان گەشەیکردووە. بە گشتی (84.1%) مامۆستایانی زمانی کوردی وەڵامی ئەرێنییان داوەتەوە بە بژاردە جیاوازە خەمڵێنراوەکانی وەک (تا ڕادەیەکی زۆر، مامناوەند، تا ڕادەیەکی کەم)، کە خوێندنەوەی بابەتەکانی پەرتووکی کوردیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی کارامەیی (داهێنان) لای قوتابییان هەیە. واتە بە بۆچوونی زۆربەی مامۆستایان بەم خەملاندنە ئەرێنیە جیاوازانە قوتابییان دەتوانن ئەوەی فێریبوونە بۆ دروستکردنی بیرۆکەی نوێ بەکاری بهێنن، خەیاڵ بکەن، پلاندابنێن، داهێنان بکەن.

له بەرامبەردا (15.9%)ی مامۆستایانی زمانی کوردی پێیان وایە خوێندنەوەی ئەم بابەتانە بە هیچ شێوەیەک کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی کارامەیی مەعریفی (داهێنان) لای قوتابیان نەبووە. واتە ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی پێیان وایە، کە کارامەیی مەعریفی (داهێنان) لە ڕێگای خوێندنەوەی بابەتەکانی کوردی بە هیچ شیوەیەک گەشەینەکردووە، بەرزبۆتەوە، لەچاو بۆچوونەکانی پێشوویان لەبارەی خەملاندنی (بە هیچ شێوەیەک)، بەپێچەوانەوەش هەلبژاردنیان بۆ خەملاندنی (تا ڕادەیەکی زۆر) بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە، کە بریتیە لە (13.1%). لەم توێژینەوەیەدا لە بابەتەکانی پێشوو خرایەڕوو، کە کارامەیی مەعریفیی داهێنان یەکێکە لەو ئاستانەی لە پلەبەندکردنی (بلوم) دەکەوێتە ئاستی شەشەم، کە لای (بینجامین بلوم) ئەم کارامەییە یەکێکە لە ئاستە بەرز و باڵاکانی کارامەییە مەعریفییەکان، کە دوا ئاستی ژیری و زیرەکیە، لەبەرئەوە ئاسایی دەبێت ئەگەر ڕێژەیەکی زۆر لە مامۆستایان بۆچوونیان بەم شیوەیە بێت.

لە کۆتاییدا، داتاکان نیشانیدەدەن، کە زۆرینەی مامۆستایانی زمانی کوردی پێیان وایە خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی کاریگەریی لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابیان هەیە، بەتایبەتی کارامەیی مەعریفی (داهێنان) بەجۆرێک (84.1%)ی مامۆستایان وەڵامی ئەرێنییان پێشکەشکرد و تیشکیان خستۆتە سەر گرنگیی ڕۆڵی خوێندنەوە بە زمانی کوردی بۆ بەرزکردنەوەی توانای مەعریفیی قوتابییان، بەتایبەتی لە ڕووی دروستکردنی بیرۆکەی نوێ، خەیاڵکردن ، پلاندانان، داهێنان.

هەرچەندە ڕێژەی(15.9%)ی مامۆستایان پێیان وایە خوێندنەوەی بابەتە کوردییەکان بە هیچ شێوەیەک کاریگەرییان لەسەر گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفیی (داهێنان) نەبووە، بەڵام بەگشتی ئەنجامی داتاکان دەریخست، کە زۆربەی مامۆستایانی بەشدار لە ڕاپرسییەکەدا ڕۆڵی بەرچاوی خوێندنەوە لە پەروەردەکردن و پەرەپێدانی توانا مەعریفییەکاندا دەخەنەڕوو، هەروەها پێیان وایە خوێندنەوەی بابەتەکانی زمانی کوردی ڕۆڵێکی گەورە لە گەشەپێدانی گشت کارامەییە مەعریفییەکان دەگێڕێت، بەڵام بە ڕیژەیی لەنێوان قوتابیاندا.

*٧. ئەوستراتیژانە چین، کە مامۆستایانی زمانی کوردی لە ڕێگای خوێندنەوە بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابیان لە بابەتەکانی کوردی لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا بەکاریدەهێنن؟*

بەگوێرەی بۆچوونی بەشداربووانی مامۆستایانیی زمانی کوردی لە ڕاپرسییەکەدا لەبارەی بەکارهێنانی ستراتیژییەکانی خویندنەوە، لە (29%)ی مامۆستای زمانی کوردی بۆ ڕێگای خوێندنەوە ستراتیژی (بەکارهێنانی چالاکیەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) بەکاردەهێنن، کە بریتین لە ڕاهێنانەکان، لێکدانەوەی واتای وشەکان، نووسینی دارشتن، پڕکردنەوەی بۆشایی، هەڵبژاردنی وەڵامی ڕاست و هێنانەوەی پەندی پێشینان و وتەی ناوداران، نووسینەوە، هەموو ئەو چالاکییانەش، لە کتێبەکەدا هاتووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان لە ڕێگای خوێندنەوەی بابەتەکان، چالاکییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی بابەتەکان وەک ستراتیژییەک بەکاردەهێنن، بۆئەوەی وانەکان کاریگەر بن و قوتابییان بەشداری بکەن، ئەمەش زیاتر بە مەبەستی هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانە لەنێو قوتابییاندا. لە (25.2%)ی بەشداربووانی مامۆستای زمانی کوردی بەشداربوو، بۆ ڕێگای خوێندنەوە ستراتیژی (بەکارهێنانی کەرەستە و یارییە فێرکارییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) بەکاردەهێنن، کە بریتین

لە داتاشۆ، وێنە، فلاشکارد، ڤیدیۆ و دەنگ، بەگشتی تەکنەلۆژیای فێرکاری و یارییە فێرکارییەکان، بۆئەوەی پرۆسەی فێربوون بەتایبەتیش کرداری خوێندنەوە زیاتر سەرنجڕاکێش بێت، ئەم کەرەستە و یارییانە یارمەتی بەهێزکردنی تواناکانی خوێندنەوە دەدەن بە شێوەیەکی چێژبەخش و کارلێککارانە، ئەمەش دەتوانێت یارمەتی قوتابییان بدات، کە پاڵنەریان هەبێت، تێگەیشتنیان بەرزبکاتەوە و چێژ لە خوێندنەوە ببینن، لە ئەنجامیدا قوتابیان خوێندنەوەیان لا خۆشەویست دەبێت و حەز بە خوێندنەوەی زۆر دەکەن، زۆر خوێندنەوەش زمان بەرەوپێشەوە دەبات، باشبوونی گەشەی زمانیش کاریگەریی دەبێت لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکان.

بەشێکی تری مامۆستایانی بەشداربوو، کە پێکدێت لە (47.7%)، بۆ ڕێگای خوێندنەوە ستراتیژی (بەکارهێنانی شێوازی گرووپ) بەکاردەهێنن، واتە قوتابییان پێکەوە بە گروپی بچویک کاردەکەن بۆ خوێندنەوە و گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکان. ئەم شێوازەش ڕێگایەکە بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و بونیادنانی گیانی هاوکاری، ئەمەش کاریگەریی لەسەر گەشەی مەعریفییان دەبێت، هەروەها ڕێگە بە قوتابییان دەدات بیرۆکەکان هاوبەش بکەن و یارمەتی یەکتر بدەن، تا بە قووڵی لە ناوەڕۆکی دەقە خوێندراوەکان تێبگەن. ئەم شێوازە بۆ خوێندنەوە ڕێگە بە قوتابییان دەدات پێکەوە باس و شیکاری دەقەکان بکەن. وایان لێدەکات هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی هاوبەش بۆ فێربوون بەرەوپێش ببات، هەروەها یارمەتی قوتابییان دەدات لە یەکتر فێربن و گومانەکان لە ڕێگەی گفتوگۆوە ڕوون بکەنەوە، ئەم کردارانەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابیان دەبێت. هەروەها (79.4%)ی مامۆستایانی بەشداربووی زمانی کوردی ڕاپرسییەکە، بۆ ڕێگای خوێندنەوە ستراتیژی (ڕێگای پرسیا ر و وەڵام، ڕێگای گفتوگۆ و ڕاڤەکردن) بەکاردەهێنن، بەم پێیە بێت باوترین ستراتیژییە، کە مامۆستایان بەکاریدەهێنن، بریتییە لە پرسیارکردن لە قوتابیان، گوێگرتن بۆ وەڵامەکان، ئەنجامدانی گفتوگۆ، ڕوونکردنەوەی چەمک و مەبەست و ئامانجی بابەتەکان. ئەم ستراتیژیە یارمەتی قوتابیان دەدات، کە چالاکانە لەگەڵ دەقەکەکاندا بەشداربن و تێگەیشتنیان قووڵتر دەکاتەوە و هاندەری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەبن. بە ئەنجامدانی ئەم ستراتیژییە لای مامۆستایان دڵنیایی دەدات لەوەی، کە چالاکانە لەگەڵ مادەی خوێندنەوەدا بەشداری دەکەن. مامۆستایان پرسیار لە قوتابیان دەکەن سەبارەت، بە ناوەڕۆکەکە، هانیاندەدەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر وەڵامەکانیان و ئەو چەمکانە ڕووندەکەنەوە، کە ڕەنگە ڕوون نەبن. ئەم ستراتیژە بۆ قووڵکردنەوەی تێگەیشتن و پێشخستنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە کاریگەرە. هەروەها (1.9%)ی ئەو مامۆستایانەی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە، ستراتیژی دیکەیان هەڵبژاردووە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ستراتیژەکە بکەن، هەرچەندە چەندین ستراتیژی دیکە هەن، کە مامۆستا دەتوانن بۆ خوێندنەوە بەکاریبهێنن، کە لەم ڕاپرسییەدا باس نەکراون.

لە کۆتاییدا، ئەم داتایانە تێڕوانینێکی بەنرخ لە ستراتیژییەکانی مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفیەکانی قوتابییان لە بابەتەکانی کوردیی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی دەخەنەڕوو.

زۆرترین ستراتیژی بەکارهێنراو، کە لەلایەن (79.4%)ی مامۆستایانەوە هەڵدەبژێردراوە، بریتییە لە (ڕێگای پرسیا ر و وەڵام، ڕێگای گفتوگۆ و ڕاڤەکردن)، کە بەشێوەیەکی کاریگەر قوتابییان سەرقاڵ دەکەن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بەرەوپێش دەبەن، هەوڵی بەدەستهێنانی بەڵگەی زانستی دەدەن. سەرەڕای ئەوەش، (47.7%)ی مامۆستایان ستراتیژی (شێوازی گرووپ) بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا (29%)ی مامۆستایان پشت بە (بەکارهێنانی چالاکییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) دەبەستن، کە چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەخۆدەگرن بۆ بەرزکردنەوەی بەشداریکردنی قوتابییان لە خوێندنەوەی بابەتەکان. هەروەها (25.2%)ی مامۆستای دیکەش ستراتیژی (بەکارهێنانی کەرەستە و یارییە فێرکارییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) بەکاردەهێنن، بۆ ئەوەی پرۆسەی فێربوون زیاتر کارلێککارانە و چێژبەخشتر بێت. لە کاتێکدا (1.9%)ی مامۆستایان ڕایانگەیاندووە کە ستراتیژیی دیکە بەکاردەهێنن. بەشێوەیەکی گشتی داتاکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە مامۆستایان ستراتیژی و ڕێبازی جۆراجۆر لە ڕێگای خوێندنەوە جێبەجێ دەکەن بۆ گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفی، بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییانە هاوکاری قوتابیان دەکات بۆ باشترکردنی تێگەیشتن لە بابەتەکانی زمانی کوردی.

٨.ئەو ئاستەنگییانە چین، کە ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبێتەوە لە گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابییان لە ڕێگای خوێندنەوەی پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا؟

هەروەک لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەی پێدرا، کە کرداری خوێندنەوە لە پۆلدا لەلایەن مامۆستاوە لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێک هۆکاردایە، لەوانە ڕێگاکانی خوێندنەوە، کەرەستەی فێرکردن، یاری و چالاکییەکانی خوێندنەوە، بەشداریکردنی قوتابییان و ئارەزووی قوتابی بۆ بابەتەکە، ژینگە، ئەم هۆکارانە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر بەهێزی و کاریگەریی خوێندنەوە لەسەر قوتابی هەیە، بۆ زیاتر خستنەڕووی ئەم ئاستەنگی و هۆکارانە، لێکدانەوە بۆ بۆچوونی مامۆستایانی بەشدار لە ڕاپرسییەکەدا دەکرێت:
بەگوێرەی بۆچوونی مامۆستایانی زمانی کوردی بەشداربوو لە ڕاپرسییەکەدا لە (34.6%)ی مامۆستایان، پێیان وایە، کە (نەبوونی چالاکییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) یەکێکە لەو ئاستەنگانەی، کە ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبێتەوە لە ڕێگای خوێندنەوە بۆ گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفییەکانی قوتابییان لە بابەتەکانی پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی. واتە بەشێکی زۆر لە مامۆستایان هەستدەکەن، کە نەبوونی، یان کەمی چالاکی بۆ خوێندنەوە یەکێکە لە ئاستەنگ و کێشەکانیان، هەر ئاستەنگێکیش بۆ پرۆسە و کرداری خوێندنەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر گەشەی زمانی قوتابییان دەبێت، زمانیش وەک کارامەییەکی مەعریفی پەیوەندییەکی نزیکی بە پرۆسیسەکانی وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، چارەسەرکردنی کێشەکان و تێگەیشتن هەیە. لە (59.8%)ی بەشداربووانی تر لە مامۆستایانی زمانی کوردی، پێیان وایە (نەبوونی کەرەستە و یارییە فێرکارییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) یەکێکە لەو ئاستەنگانەی، کە ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبێتەوە لە کاتی خوێندنەوە، واتە زیاتر لە نیوەی ئەو مامۆستایانەی بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کردووە پێیان وایە، کە کەمی کەرەستەی فێرکاری و یارییە فێرکارییەکان بۆ ڕێگاکانی خوێندنەوەی بابەتی کوردی، یەکێکە لەو ئاستەنگە سەرەکییانەی، کە لە پۆل و لە کاتی وانەگوتنەوەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە زۆرێک لە مامۆستایان هەست دەکەن نەبوونی داتاشو، سەبورەی زیرەک، فلاشکارد، ڤیدیۆ، تەکنەلۆژیای تایبەت بە فێرکردنی خوێندنەوە و یارییە فێرکارییەکان، کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر توانای وانەگوتنەوەیان هەیە. کەرەستە و یارییە فێرکارییەکان ئامرازێکی گرنگن کە خوێندنەوە زیاتر سەرنجڕاکێش دەکەن و یارمەتیدەرن بۆ باشترکردنی توانا مەعریفییە جیاوازەکان، وەک بیرەوەری، چارەسەرکردنی کێشەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.
بەگشتی نەبوونی ئەم جۆرە سەرچاوانە ئاستەنگێکی گەورە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە وانەکانی خوێندنەوەدا بۆ مامۆستایان دروستدەکات، چونکە ئەم سەرچاوانە وەک ئامرازێک بۆ یارمەتیدانی قوتابی بۆ تێگەیشتن لە چەمکە ئاڵۆزەکان و بیرهێنانەوە و تێگەیشتن و شیکردنەوە و لێکدانەوەی ماددەکان لەکاتی خوێندنەوەدا زۆر گرنگن. هەروەها لە (72%)ی بەشداربووانی مامۆستای زمانی کوردی، پێیان وایە (زۆری ژمارەی قوتابییان لە ناو پۆل) یەکێکە لەو ئاستەنگانەی، کە لە ڕێگای خوێندنەوە بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابیان ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبێتەوە. واتە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی بەشدار لە ڕاپرسییەکەدا پێیان وایە، هەبوونی ژمارەیەکی زۆری قوتابییان لە پۆلدا ئاستەنگە بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی قوتابییان، بەتایبەت بە ڕێگای خوێندنەوە، چونکە ئەم ئاستەنگە چەندین کێشەی تر دروستدەکات، بۆ نموونە: کۆنترۆلکردنی پۆل لەلایەن مامۆستاکانەوە ئەستەم دەکات، پۆل ژینگەی پەروەردەیی لەدەستدەدات و پشێوی تێدەکەوێت، ژاوەژاو و دەنگەدەنگ دروستدەبێت، بەمەش تێگەیشتن لە دەقی خوێندراوە و چێژوەرگرتن ڕوونادات، هەموو قوتابییەک ناتوانێت بەشداریی لە ڕاڤەکردن، پرسیارکردن، خوێندنەوە، ڕوونکردنەوە لە بابەتی خوێندراو بکات، هەروەها مامۆستا بەباشی ناتوانیت تەرکیز بکات، هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی نەرێنی و خراپ لەسەر ڕێژەی وەرگرتن تێگەیشتنی ناوەرۆکی بابەتەکانی خوێندراوە لە لایەن قوتابییان دروستدەکات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر کردارەکانی ژیری و گەشەکردنی کارامەییە مەعریفیەکان دەبێت.

له (22.4%)ی بەشداربووانی مامۆستای زمانی کوردی، پێیان وایە (قوتابی حەز بە ناوەرۆکی بابەتەکان ناکات) ئەمەش یەکێکە لەو ئاستەنگانەی، کە ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبێتەوە لە ڕێگای خوێندنەوە بۆ گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفییەکانی قوتابییان لە بابەتەکانی پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا. ئەم ڕێژەیەی مامۆستایان هەرچەندە زۆرینە نینن، بەڵام بەشێکن لە مامۆستایانی زمانی کوردی، بۆچوونییان وایە ئەو بابەتانەی بۆ خوێندنەوە لە پەرتووکی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی دانراون، قوتابییان حەزی پێناکەن، لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانیاندا ناگونجێن، سەرنجڕاکێش نینن و چێژ نابەخشن. ئەمەش وا دەکات کەمتر سەرنجڕاکێش بێت و ببێتە ئاستەنگ لە گەشەکردنی کارامەییە مەعریفیەکان لە ڕێگەی خوێندنەوە لای قوتابییان. بەهەمان شێوە لە (22.4%)ی مامۆستای دیکە ئاستەنگی گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکان لای قوتابییان لە ڕێگەی خوێندنەوە بۆ (کەمی کات) دەگەڕێننەوە. ئاشکرایە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان ماوەی وانەیەک لە (٤٥) خوولەکە. ئەو مامۆستایانە، کەمی کاتی وانەکان وەک ئاستەنگێک لە گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابیاندا دەبینن. بەهۆی ئەوەی وانەکان بە (٤٥) خولەک سنووردارکراون. کەمی کات بەشداریکردنی قوتابیان لە چالاکییەکانی خوێندنەوەدا سنووردار دەکات. زۆرجار مامۆستایان بۆ ڕوونکردنەوەی تەواوەتی ناوەڕۆکی مادەکە کاتێکی پێویستیان نییە، هەروەها قوتابییان لە بەشداریکردن لە چالاکیی و یارییە فێرکارییەکان، یان بەشداریکردن لە گفتوگۆ و ڕوونکردنەوە و پرسیارەکان لە بارەی بابەتەکە بێبەش دەکات. هەروەها لە (3.7%)ی مامۆستایان ئاستەنگی دیکەیان هەڵبژاردووە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بە دیارکردنی ئاستەنگیەکە درابێت. لە (0.9%)ی مامۆستایانی بەشداربوو لەم ڕاپرسیەدا ئاماژەیان بەوە داوە، کە بەشێک لە هەموو ئەو ئاستەنگیانە بە ئاستەنگی دادەنێن، واتە هەر یەکێک لەم ئاستەنگیانە بەشێکن لە ئاستەنگیەکانی گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابیان لە ڕێگای خوێندنەوە.

لە کۆتاییدا داتاکان لەبارەی بۆچوونی مامۆستایان لە بارەی ئاستەنگەکان دەریدەخەن، کە مامۆستایان لە بۆچوونەکانیاندا تیشکیان خستۆتە سەر چەند ئاستەنگێکی بەرچاو، کە مامۆستایانی زمانی کوردی لە کاتی گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابیان لە ڕێگەی خوێندنەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بە بۆچوونی لە (72%)ی مامۆستایان، باوترین ئاستەنگی بریتیە لە (زۆری ژمارەی قوتابیان لە ناو پۆل)، دوای ئەوە (59.8%)ی مامۆستایان پێیان وایە (نەبوونی کەرەستە و یارییە فێرکارییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) یەکێکە لەو ئاستەنگیەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە وانەی خوێندنەوە. بەشێکی تری مامۆستایانی بەشداربوو، کە پێکهاتوون لە (34.6%)، (نەبوونی چالاکییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) وەک ئاستەنگی سەرەکی بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکان دیاریدەکەن، هەروەها (22.4%)ی مامۆستایانی دیکە پێیان وایە، کە پرۆگرامی خوێندن بەتایبەت پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بەو شێوەیە نییە قوتابیان حەزی پێبکەن، لەبەر ئەوە ئاستەنگی لای ئەوان بریتیە لە (قوتابی حەز بە ناوەرۆکی بابەتەکان ناکات). بە هەمان شێوە لە (22.4%) مامۆستایان (کەمی کات)، بەتایبەتی کاتی وانەکان، وەک ئاستەنگی بۆ گەشەپێدانی کارامەیی مەعریفی قوتابیان لەڕێگای خوێنندەوە دادەنێن.

لە ئەنجامدا بە پێی بۆچوونی مامۆستایانی بەشداربوو لە ڕاپرسییەکەدا تیشک خرایە سەر ڕۆڵی بەرچاوی خوێندنەوەی پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابیان. زۆری مامۆستایان بە خەمڵاندنی جیاواز پێیان وایە خوێندنەوەی بابەتەکانی (بەشی خوێندنەوەی کوردی) پۆلی شەشەمی بنەڕەتی بۆ گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیە جۆراوجۆرەکان کاریگەریی هەیە، وەک بیرکردنەوە، تێگەیشتن، بەکارهێنان، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن، و داهێنان لای قوتابیان.

واتە بە نزمترین ڕێژە (84.1% ) و بەرزترین ڕێژە (99.1%)ی مامۆستایان بە خەملاندنەکانی (تا ڕادەیەکی زۆر، مامناوەند، تا ڕادەیەکی کەم) هاوڕان لەسەر ئەوەی خوێندنەوە کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابیان هەیە، لە بەرامبەردا بە نزمترین ڕێژە (0.9%) و بەرزترین ڕێژە (15.9%)ی مامۆستایان بە خەمڵاندی (بە هیچ شێوەیەک) هاوڕان لەسەر ئەوەی خوێندنەوە کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکان لای قوتابیان نیە.

هەروەها بەگوێرەی بۆچوونی مامۆستایانی بەشداربووی ڕاپرسییەکە، بۆ خوێندنەوەی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی، زۆرترین ستراتیژی بەکارهێنراو بریتیە لە (ڕێگای پرسیار و وەڵام، ڕێگای گفتوگۆ و ڕاڤەکردن)، پاشان (بەکارهێنانی شێوازی گرووپ)، دواتر (بەکارهێنانی چالاکییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی)، ئینجا (بەکارهێنانی کەرەستە و یارییە فێرکارییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی).
دەربارەی ئاستەنگە دیاریکراوەکانیش لەلایەن مامۆستایانەوە باوترین ئەو ئاستەنگەی ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبێتەوە بریتین لە (زۆری ژمارەی قوتابیان لە ناو پۆل)، پاشان (نەبوونی کەرەستە و یارییە فێرکارییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) دواتر هەریەک لە (نەبوونی چالاکییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) (قوتابی حەز بە ناوەڕۆکی بابەتەکان ناکات، کەمی کات) دیاریکراون.

**٣-١- دەرئەنجام:**
لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوت:
1. بە نزمترین ڕێژە (84.1% ) و بەرزترین ڕێژە (99.1%)ی مامۆستایان بەخەملاندنەکانی (تا ڕادەیەکی زۆر، مامناوەند، تا ڕادەیەکی کەم) هاوڕان لەسەر ئەوەی خوێندنەوەی بابەتەکانی پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفییەکانی وەک (بەبیرهێنانەوە، تێگەیشتن، بەکارهێنان، شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن، داهێنان)، لای قوتابییان هەیە.
2. بە نزمترین ڕێژە (0.9%) و بەرزترین ڕێژە (15.9%)ی مامۆستایان بە خەملاندی (بە هیچ شێوەیەک) هاوڕان لەسەر ئەوەی خوێندنەوەی بابەتەکانی پەرتووکی کوردی پۆلی شەشەمی بنەڕەتی کاریگەری نیە لەسەر گەشەپێدانی کارامەییە مەعریفیەکانی قوتابیان.
3. ستراتیژی (ڕێگای پرسیار و وەڵام، گفتوگۆ و ڕاڤەکردن)، یەکێکە لەو ستراتیژییە باوانەی، کە (79.4%)ی مامۆستایان بۆ خوێندنەوە بەکاریدەهێنن.
4. لە (47.7%)ی مامۆستایان، ستراتیژیی (شێوازی گرووپ)، لە (29%)ی مامۆستایانی دیکە (چالاکی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) بۆ خوێندنەوە بەکاردەهێنن.
5. کەمترین ڕێژەی مامۆستایان، کە بریتیە لە (25.2%)، ستراتیژی (کەرستە و یارییە فێرکارییەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی) بۆ خوێندنەوە بەکاردەهێنن.
6. بە بۆچوونی (72%) لە مامۆستایانی زمانی کوردی، کە بەرزترین ڕێژەیە گەورەترین ئاستەنگی، کە ڕووبەڕووی مامۆستایان دەبێتەوە لەکاتی خوێندنەوە، بریتیە لە (زۆری ژمارەی قوتابی لەناو پۆلەکانی خوێندن). پاشان (نەبوونی کەرەستە و یارییە فێرکارییەکان و چالاکیەکانی تایبەت بە خوێندنەوەی زمانی کوردی).
7. ڕێژەی (22.4%) لە مامۆستایان (کەمی کاتی وانەکان) و (قوتابی حەز بە بابەتەکان ناکات) وەک ئاستەنگی لە کاتی خوێندنەوەدا دەبینین.

**٣-٢- پێشنیاز:**
1. گرنگیدان بە زمانی کوردی وەک زمانی زانست و پەروەردە لە ناوەندەکانی خوێندن.
2. کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابییان لە ناو پۆل بۆ ژمارەی ستاندارد، زیادکردنی ماوەی وانەکانی خوێندن، ئەمەش بە دروستکردنی بینای قوتابخانەی زیاتر.
3. دابینکردنی چالاکی و کەرەستە و یارییە فێرکارییەکانی پەیوەست بە خوێندنەوە، نوسین، گوێگرتن، ئاخاوتن، بە زمانی کوردی.
4. پێداچونەوەی پەروەردەیی و زانستیی بە ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندنەوە لە پەرتووکی زمانی کوردی لە قۆناغە بنەڕەتییەکاندا لە لایەن بسپۆڕانی دانانی پرۆگرامی خوێندنەوە ئەنجامبدرێت.

## ٣-٣- لیستی سەرچاوەکان:

**بە زمانی کوردی**


- حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٠٩) سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتیەکان و سیستەمی قوتابخانە ئامادەییەکان، چاپی یەکەم، هەولێر.
- حمد، غفور طاهر. (٢٠٢٤) شێوازی نوێی وانە وتنەوە و هەڵسەنگاند. سلێمانی.
- سەعید، فایەق (٢٠٢٢) دیداکتیکی تیۆری لە قۆناغی پێشخوێندنگەوە بۆ زانکۆ.
- عەساف، هیوا (٢٠٢٤)، مەعریفە و جیهانبینی، پێوەندییان بە زمانەوە)، رامان ژمارە (٣١٨) ٢٠٢٤/٤/٥. زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی پەروەردی شەقلاوە.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١٥) سایکۆلۆژیای گشتی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، چاپی چوارەم، سلێمانی.
- قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١٥) سایکۆلۆژیای گەشە منداڵ و هەرزەکار، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ( ٢٠٢٣). ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی، چاپی پازدەیەم.


**بەزمانی ئینگلیزی**


- Beauchamp, G, A., (1975). *Curriculum Theory*. Third edition. James white library Andrews University, United States Of America.
- Callaos, N., (2013). *Knowledge and Cognition*. University Simon Bolivar (USB), and the International Institute of Informatics and Systemic (IIIS) Corpus ID: 173983587.
- Kim.Y. K., Edens.D, Iorio. M. F., Curtis, Ch. J. Romero, E., (2015). *Cognitive Skills Development among International Students at Research Universities in the United States*. 5(4), pp.526–540.
- Rakesh. D., Humphreys. K. L., Sheridan. M and Rosen, M.L., (2023). E*nvironmental contributions to cognitive developpment: The role of cognitive stimulation*. *PsyArXiv*. [online] Available at: https://doi.org/10.31234/osf.io/v6stp [Accessed 6 February 2025].
- Saguni, F., (2023). *The Role of Teachers in Improving Students' Cognitive Competency in Islamic Education Subjects through Recitation Method*. *British Journal of Education*, 11(11), pp.15–27.


**ماڵپەڕەکان**


- Ajayi, J., (2024). *Bloom's taxonomy*. Ladoke Akintola University of Technology. [online] Available at: https://www.researchgate.net/publication/380814622 [Accessed 7 January 2025].
- Apriyanto, A., (2020). Language as a communication tool in human life. *Fox Justi: Jurnal Ilmu Hukum*, 10(2). [online] Sekolah Tinggi Ilmu Hukum dan Politik Pelopor Bangsa. Available at: https://ejournal.seaninstitute.or.id/index.php/Justi/article/view/91 [Accessed 11 December 2024].
- Collier, E., (2019). Why is reading so important for children? [online] *High Speed Training*. Available at: https://www.highspeedtraining.co.uk/hub/why-is-reading-important-for-children/#:~:text=Cognitive%20development%20refers%20to%20how,their%20brains%20with%20background%20knowledge [Accessed 16 January 2025].
- Hussain, N., (2015). *Language and language skills*. Maulana Azad National Urdu University. [online] Available at: https://www.researchgate.net/publication/274310952 [Accessed 5 February 2024].
- Md Yusof, S., (2021). *Vygotsky sociocultural theory of child development: More knowledgeable*. [online] Available at: https://www.researchgate.net/publication/374926360 [Accessed 13 February 2024]. doi:10.13140/RG.2.2.35985.40804.
- Qiftiyah, M., (2020). Improving cognitive development of students by reading corner program in elementary school level', *Mudarrisa: Jurnal Kajian Pendidikan Islam*, 12(1). Available at: https://mudarrisa.iainsalatiga.ac.id/index.php/mudarrisa/article/view/3856 (Accessed: 10 August 2024).
- Subedi, K.R., (2022) *Cognition in the psychological perspectives*. Tikapur Multiple Campus, Far Western University. Available at: https://www.researchgate.net/publication/363230967_Cognition_in_the_Psychological_Perspectives (Accessed: 11 January 2025).
- Toop, M., (2024) 'The impact of reading on child development'. Available at: https://news.leweston.co.uk/leweston-blog/the-impact-of-reading-on-child-development?fbclid=IwY2xjawIzx2BleHRuA2FlbQIxMAABHXDlA4VUA70eR_ZgseqtU1cjJR7kvSe7T-hpmU0tBN8jn9sRE77kGVAZ7w_aem_u6UR2ifKlDuFxke3H-QLyQ (Accessed: 08 August 2024).
- Wylie, J., Thomson, M.J., Leppänen, H.T., and Ackerman, R., (2018) 'Cognitive processes and digital reading'. *Swets and Zeitlinger*, DOI: 10.1075/swll.17.03wyl. Available at: https://www.researchgate.net/publication/326425167 (Accessed: 08 February 2024).

**Developing Students' Cognitive Skills through Reading: from Teachers' Perspectives**

**Haval Hussein Saeed**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
haval.saeed@su.edu.krd

**Abstract**
This study examines the effect of reading on the development of students' cognitive skills through Kurdish textbooks in the sixth grade, specifically from the perspective of Kurdish language teachers. The aim is to present their views on the impact of reading on cognitive skills, identify reading strategies, and explore challenges faced during reading instruction. This study seeks to answer the following questions: Does reading affect the development of students' cognitive skills? What strategies and challenges do teachers face during instruction? Descriptive and analytical methods were employed, with a survey involving 115 primary school Kurdish language teachers. The results showed that most teachers believe reading Kurdish textbooks in the sixth grade significantly impacts cognitive skill development. Teachers also use various strategies, the most common of which are question and answer, discussion, and explanation. They face several difficulties, the most common of which is the large number of students in the classroom.
**Key Words:** Cognitive, Cognitive Skills, Reading. Sixth-grade primary Kurdish textbook, Teacher

**تنمية المهارات المعرفية لدى الطلاب من خلال القراءة: من وجهة نظر المعلمين**

**هفال حسين سعيد**
كلية التربية الأساس، قسم اللغة الكورديه، جامعة صلاح الدين–أربيل،إقليم كوردستان،العراق
haval.saeed@su.edu.krd

**الملخص:**
تستعرض هذه الدراسة تأثير القراءة على تطوير المهارات المعرفية للطلاب من خلال الكتب المدرسية الكردية في الصف السادس، وذلك استنادًا إلى آراء معلمي اللغة الكردية. تهدف الدراسة إلى استكشاف تصورات المعلمين حول تأثير القراءة على المهارات المعرفية، والوقوف على استراتيجيات القراءة التي يعتمدونها، بالإضافة إلى التحديات التي يواجهونها خلال عملية التدريس اليومية. كما تسعى الدراسة إلى فهم كيفية تطبيق هذه الاستراتيجيات في الفصول الدراسية المختلفة، مع الأخذ بعين الاعتبار خصوصيات كل بيئة تعليمية. تركز الدراسة على الإجابة عن الأسئلة التالية: هل تؤثر القراءة بشكل فعّال على المهارات المعرفية للطلاب؟ وما هي الاستراتيجيات المتبعة والتحديات التي يواجهها المعلمون أثناء التدريس؟ اعتمد البحث على المنهجين الوصفي والتحليلي من خلال استطلاع شمل (115) معلمًا للغة الكردية في المدارس الابتدائية. أظهرت النتائج أن غالبية المعلمين يرون أن قراءة الكتب الكردية في الصف السادس تساهم بشكل كبير في تنمية المهارات المعرفية للطلاب. كما أوضحوا أنهم يستخدمون استراتيجيات متعددة مثل الأسئلة والأجوبة، المناقشة، والشرح، ورغم ذلك يواجهون تحديات كبيرة أبرزها العدد الكبير للطلاب في الصف.
**الكلمات المفتاحية:** المعرفي، المهارات المعرفية، القراءة، كتاب اللغة الكردية للصف السادس الابتدائي، المعلم.